گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستان

# (1998-1995)

**ژیلوان عبدالله احمد**
بەشی ژمێریاری، پەیمانگای تەکنیکی دوکان، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان عێراق.
zhelwanabdullah@gmail.com

**پ.ی.د. ئامانج حسن ئەحمەد**
بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان ، سلێمانی، هەرێمی کوردستان عێراق.
Amanj.ahmed@univsul.edu.iq

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٨/١٣
پەسەندکردن:٢٠٢٣/١٠/٢٤
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**
*The Kurdistan farmers, uprising, first conference, Movement, garmkan*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.1.21

## پوختە

توێژینەوەکە تیشك دەخاتە سەر چۆنێتی دروست بوونی بزووتنەوەی جووتیاران، باس لەکێشەی زەوی وزار لە نێوان جووتیاران وئاغاکان دەکات، ئەم کێشەیە لە باشووری کوردستاندا ڕەگێکی قووڵی مێژوویی هەیە و سیاسەتی حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقیش بەگوێرەی بەرژەوەندی سیاسی ولایەنگری ئاغاو خاوەن موڵکەکان بڕیاریانداوە و بەهیچ شێوەیەك ڕەچاوی بارودۆخی کۆمەڵایەتی وکشتوکاڵی وزەوی وزاری کوردستانیان نەکردووە، ئەم کێشەیە دوای ڕاپەڕینیش بەردەوام بوو، چەپەکانیش کە خۆیان بەلایەنگروحزبی چینی کرێکارو جووتیارورەنجدەری کوردستان زانیوە هەوڵیانداوە ئەم کێشەیە بقۆزنەوە بۆ فراوانکردنی نفوزی سیاسی خۆیان ودروست کردنی ڕێکخستن لەناو چینی جووتیاری کوردستاندا، یەکێك لەو بزووتنانەی لەباشووری کوردستان دروست بوو، بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستان بوو، بەسەرنجدان لە پەیرەوپرۆگرامی بزووتنەوەکە، دەردەکەوێت، کە

خاوەنی بەرنامەیەکی مارکسی بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی وزار وبەشێکی زۆر لەسەرکردەکانی بزووتنەوەکەش هەڵگری بیروباوەڕی چەپی مارکسی بوون.

## پێشەکی:

دوای ڕاپەڕینی ئاداری(1991) لەباشووری کوردستان، بەهۆی نەمانی زوڵم وستەمی حکوومەتی عێراقی تاڕادەیەك ئازادی کارکردنی سیاسی بۆ دروستکردنی پارت ورێکخراوی جۆراو ڕەخسا، ئەمەش وایکرد گەلێك پارت ورێکخراو بەگوێرەی هەلومەرجی سیاسی وبەرژوەندی چینایەتی دروست ببن، هەندێك لەو ڕێکخراوانەشی کەلە سەردەمی حکوومەتی عێراقییدا نهێنی بوون وکاری ڕێکخستنیان دەکرد، خۆیان ئاشکراکردو کەوتنە کارو چالاکیی سیاسی وڕاگەیاندن، بزووتنەوەی چەپ و حزبە چەپە مارکسییەکان لە هەوڵی دروستکردنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا بوون بۆئەوەی بتوانن زۆرترین کەس بەلای دروشم وبەرنامەکانیاندا ڕابکێشن، چونکە کێشمەکێشێکی زۆری سیاسی لەناو پارتەکاندا دروست ببوو، بەهۆی گەمارۆی ئابووری سەرباشووریشەوە برسێتی وگرانی ڕووی لەکوردستان کردبوو، یەکێکی تر لەو کێشانەی لەم قۆناغەدا ڕووبەڕووی کوردستان ببووەوە، کێشەی زەوی وزار بوو، ئەم کێشەیە لە باشووری کوردستاندا ڕەگێکی قووڵی مێژوویی هەیە و سیاسەتی حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقیش بەگوێرەی بەرژەوەندی سیاسی ولایەنگری ئاغاو خاوەن موڵکەکان بڕیاریانداوە و بەهیچ شێوەیەك ڕەچاوی بارودۆخی کۆمەڵایەتی وکشتوکاڵی وزەوی وزاری کوردستانیان نەکردووە، ئەم کێشەیە دوای ڕاپەڕینیش بەردەوام بوو، چەپەکانیش کە خۆیان بەلایەنگروحزبی چینی کرێکارو جووتیارورەنجدەری کوردستان زانیوە هەوڵیانداوە ئەم کێشەیە بقۆزنەوە بۆ فراوانکردنی پێگەی سیاسی خۆیان ودروست کردنی ڕێکخستن لەناو چینی جووتیاری کوردستاندا، یەکێك لەو بزووتنانەی لەباشووری کوردستان دروست بوو، بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستان بوو، بەسەرنجدان لە پەیرەوپرۆگرامی بزووتنەوەکە، دەردەکەوێت، کە خاوەنی بەرنامەیەکی مارکسی بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی وزار وبەشێکی زۆر لەسەرکردەکانی بزووتنەوەکەش هەڵگیری بیروباوەڕی چەپی مارکسی بوون.

ئەم بزووتنەوەیە تاوەکوو ئێستا لەڕووی زانستییەوە توێژینەوەی لەبارەوە نەکراوە، هەربۆیە توێژینەوەکەمان بەناونیشانی(بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستان لە ساڵی 1995_-1998)هەڵبژارد، کەلە یەکەمین کۆنفرانسەوە ساڵی توێژنەوەکەمان دیاریکردووە، توێژینەوەکە لە پێنج تەوەر پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم، باسمان لە سەرەتاکانی دروست بوونی بزووتنەوەی جووتیاران وئەو هەوڵانەی کە لەلایەن لیژنەی سەرپەرشتی جووتیارانەوە دراون کردووە،تەوەرەی دووەم، باسمان لە یەکەمین کۆنفرانسی بزووتنەوەکە وکاروچالاکییەکانی بزووتنەوەکە کردووە، تەوەرەی سێهەم، باسمان لە کاریگەری شەڕی ناوخۆ کردووە لەسەر بزووتنەوەکە وهێرشکردنە سەر بزووتنەوەکە،تەوەرەی چوارەم، بەکورتی باسمان لە هەڵوێستی پارتەکانی تر بەرانبەر بزووتنەوەی جووتیاران وهەڵوێستییان لەسەر بزووتنەوەکە کردووە، تەوەرەی پێنجەمیش بریتییە لەکورتە باسێکی کێشەو ململانێکانی ناو بزووتنەوەکە وکۆتایی هاتنی کاروچالاکییەکانی بزووتنەوەکە وهەوڵەکان بۆ دووبارە چالاك کردنەوەی بزووتنەوەکە کردووە.

پاشانیش دەرەنجام و ئەو بەڵگەنامانەمان خستۆتەڕوو کەلە توێژینەوەکەدا پشتمان پێ بەستوو، دواتر لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەمان بەو سەرچاوانە کردووە کەبەکارمان هێناوە.

بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتمان بەستوە بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە باسکردن و تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکان بەشێوەیەکی ئەکادیمی و بابەتیانە، لەهەمان کاتیشدا ڕێبازی شیکاری-مێژوویی بەکارهێنراوە بۆ ڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندنی هەندێ لە ڕووداوەکان وەك پێداویستیەکی زانستی بۆ بەهێزکردنی ئاستی توێژینەوەکە، لەهەمان کاتدا میتۆدی گێڕانەوەی ڕووداوەکان، مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوە و بەڵگەنامەکان وەك هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان ، بەشێکی ترن لە میتۆدی ئەم توێژینەوەیە.

بێگومان هیچ توێژینەوەیەکش بەبێ گرفت وکێشە نابێت، لەم توێژینەوەیەشدا کۆمەڵێك کێشەو گرفتمان هاتۆتە ڕێگە، کە بەشێکیان پەیوەندییان بە بارودۆخی دروست بوونی بزووتنەوەکەوە هەیە، چونکە بەهۆی بارودۆخی نائاسایی ئەو بارودۆخە وایکردووە هەندێك بەڵگەنامە ونووسینی بزووتنەوەکە بفەوتێ ونەمێنن، وهەندێك لەو کاراکتەرانەشی ڕۆڵیان لە بزووتنەوەکەدا هەبووە ئامادەی چاوپێکەوتن وپێدانی زانیاری نەبوون، ئەمەو جگەلە نەبوونی سەرچاوەی پێویست.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تەوەرەی یەکەم: سەرەتاکانی دروست بوونی بزووتنەوەی جووتیاران

کێشەی زەوی یەکێك بوو لەو کێشە ئاڵۆزو پڕ ناکۆکیانەی کەلەدوای ڕاپەڕینی ئاداری 1991 (ڕێگای کوردستان:37:1992) و دواتر دروست بوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەریهەڵدا ڕێگای کوردستان:3:1992 )، هەرچەندە پێشتر لەسەردەمی حکوومەتی عێراقی کێشەی زەوی بە کۆمەڵێك بڕیارو یاساو پاشبەند چارەسەرکرابوو(ڕێگای کوردستان:3:1992 )، بەڵام زۆربەیان کێشەکەیان بەیەکجاری چارەسەر نەکرد بوو،(کوردستانی نوێ:1993: 303) یەکێك لەوانە یاسای ژمارە(90) بوو، کە حکوومەتی عێراق بەمەبەستی ڕاکێشانی جووتیارەکان و گۆشەگیرکردن ودابڕینی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستان بوو لە جووتیاران(کۆمەڵە:4:1982؛ڕێگای کوردستان:43:1993؛ کوردستانی نوێ:310:1993) ئەمەو جگەلە یاسای ژمارە(35)ی ساڵی 1983 کە یەکێك بوو لە یاسا نادیموکراتییەکانی تری کە ڕاستەوخۆ زیانی بە جووتیار گەیاند، لە ماوەی ساڵێك دوای ڕاپەڕین بەهۆی نەبوونی حکوومەتی یاسا ودامەزراوە فەرمییەکان، بێ سەروبەرەییەکی تەواو لە بارودۆخی زەوی وپەیوەندی کشتوکاڵی لە کوردستان بەگشتی و لە ناوچەی پشدەروبتوێن بە تایبەتی سەری هەڵدا(ڕێگای کوردستان:33:1992) ، بەهۆی ئەوەشەوەکە پشدەرناوچەیەکی فرە عەشیرەت وتیرەو تایفە ناسراوە، هەمیشە کێشەی چینایەتی تیا تووند بووە، ئاغاکان لەسەر ڕۆشنایی بەرنامەیەکی داڕێژراو ئەرك وفەرمانەکانیان دابەشکردووە،(کاکە ئەمین: ناوچەی پشدەر:2009:ل6-7) لەگەڵ وەرچەرخانە سیاسییەکاندا خۆیان گونجاندووە وچۆن بەرژوەندی چینایەتیان پارێزراوبووبێت هەر ئەو بەرژەوەندییە پێوەرومەزندەی پشتیوانی ئاغاکان لە ڕژێم ودەسەڵاتە سیاسییەکان بووە، دوای ڕاپەڕین لەساڵی1992 (یەکێتی جووتیارانی کوردستان)دروست بوو، لە نوێنەری هەموو لایەنە سیاسییەکانی ناو بەرەی کوردستانی، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی زەوی وزار لە ناوچەکانی باشووری کوردستان(ڕێگای کوردستان:10:1992).

بەهۆی ئەو بارە نائاساییەی کە حکوومەتی عێراق لەماوەی دەسەڵاتیدا لە کوردستان خوڵقاندبووی کێشەو گرفتێکی زۆری زەوی وزار دوای پاشەکشەی هێزەکانی لەکوردستان سەریهەڵدا، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئابڵوقەی ئابووری خستە سەر کوردستان، هەربۆیە سەرەتا بەرەی کوردستانی لەڕێگەی یەکێتی جووتیارانی کوردستانەوە لەم ناوچەیە ویستی کێشەی ناوچەکە چارەسەربکات وڕێگە لە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناکۆکی نێوان ئاغاو جووتیارەکان بگرێت.(ڕێگای کوردستان:11:1992)، لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، یەکێك لە یاساوڕێنماییەکانی پەرلەمان، گەڕانەوەی جووتیاران بوو بۆ گوندەکانی خۆیان بۆ ئاوەدانکردنەوە وبرەودان بە کشتوکاڵ بۆ بوژاندنەوەی ئابووری ، بەڵام جووتیارەکانی دەقەری پشدەر ئەم ئامانجەیان بەهۆی ڕێگری ئاغاکانەوە نەهاتەدی.(ئاوێنە:238:2010).

هەر لەم بارەیەوە جووتیارانی سەنگەسەر چەندین سکاڵایان ئاڕاستەی حکوومەتی هەرێم کرد، ئەوەتا لە یاداشتێکدا کە لەڕۆژی(1993/5/9)دا نووسیویانە:"وەك لای هەمووان ئاشکرایە کێشەی جووتیارانی سەنگەسەر تا ئێستا بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیوەو چەندین جار سکاڵای خۆمان بۆ بەردەم لێپرسراوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرزکردۆتەوە، لەبەرواری (1993/3/30) سکاڵایەکمان بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری بەرزکردەوە ولە(1993/4/15)دیسان سکاڵایەکمان پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران کرد، وا بۆجاری سێیەمیش واتە(1993/5/2) سکاڵای خۆیان پێشکەش کرد کە خۆی لەم خاڵانەدا دەبینیەوە:

1. سەرەتای دەستپێکردنی چاندن وخزمەتکردنی بەرووبوومی کشتوکاڵە.
2. ئەم خەڵکەی گەڕاوەتەوە ناوچەکە وئاوەدانی کردۆتەوە هیچ سەرچاوەیەکی ژیانی نییە، تەنیا کشتوکاڵ نەبێت، ئەمیش چاندنی لەم پارچە زەویەی هەیەتی، ئێستاش بەهیچ جۆرێك ڕێگا بەجووتیاران نادەن، کە بچنەووە ناو زەویەکانیانەوە.
3. دەمانەوێ بەهەر ڕێگەو هەرچی زووترە ئاگادارمان بکەن لە هەڵوێستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە خەڵکی ناوچەکە توانای چاوەڕوانکردنیان نەماوە.. (ڕێگای کوردستان:58:1993).

ئەوەبوو دواتر بەهۆی بەدەمەوە نەهاتنی لێپرسراوان وحکوومەت بەدەم کێشەکەوە، ململانێ و پێکدادان نێوان جووتیاران وئاغاکان لەم شوێنانەدا( سریچێ، سەید ئەحمەدان، دێرتێ، کەلەك وگەرمکان) دروست بوو، کەتیایدا(2) جووتیار کوژران و لە لای ئاغاکانیشەوە دوو کەس کوژران، ئەمەو جگەلە بریندابوونی چەندین کەس لە هەر دوولا.(ڕێگای کوردستان:68:1993؛ ڕزگاری:1:1993).

ئەوەبوو بۆ دوورکەوتنەوە لە شەڕو پێکدادانی تر لیژنەی سەرپەرشتی جووتیارانی هەردوو گوندی سێ ناجیان وتەنگژە لە(1993/6/15)دا لە یاداشتێکدا ئاماژە بە کێشەکانی زەوی وزار لە ناوچەی بتوێن دەکات، وداوای پێکهێنانی لیژنەیەك بەسەرپەرشتی پەرلەمان دەکات بۆ چارەسەکردنی کێشەکە بە پێی یاسای ژمارە(90).(ڕێگای کوردستان:66:1993).

زەقترین کێشەکانی ناوچەی پشدەر ئەمانە بوون:

1. قەدەغەکردنی جووتیاری(53)گوند لە لایەن ئاغا میراودەلییەکانەوە بۆچوونەوە گوندەکانیان.
2. کێشەی نێوان جووتیارانی عەشیرەتی(مامەش)لەگەڵ هەندێك ئاغای میراودەلی کەوا بووبەهۆی پێکدادانی چەکداری لە نێوان هەردوولادا، یەکێك لە ئاغاکان بەناوی(عەلی باپیرئاغا) ویەکێك لە جووتیارەکان بەناوی(بابەکر پیرۆت) کوژران، ئەم کێشەیە هیچ چارەسەرێکی یاسایی بۆ نەکرا، بەڵکوو لە لایەن لیژنەیەکی هاوبەشی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی ناوبژی کراو بواریان نەدا کێشەکە فراوانتر بێت، بەڵام کێشەکە هەربەبێ چارەسەر مایەوە.
3. کێشەی نێوان ئاغا مەنگوڕەکانی (شەروێت)و جووتیارەکانی گوندی(زودان)، گەیشتە بەکارهێنانی چەك بەرامبەر یەکتر.
4. کێشەی نێوان جووتیارانی گوندی (بەستەسێنی سەروو) لەگەڵ کوێخاکانی گوندی( قەلادە)جیابوو لەوەی داوای خەرجی باجی زەوی جووتیارەکان کرد، کەوا (عەقد یان سەنەدو تەملیکیان)هەبوو، دەیانویست خزم وکەسوکاری خۆیان کەوا بەتیرەی (باب ڕەسوو) ناسراون بخەنە پاڵ گوندی(بەستەسێن) گوندەکەیان لەسەر ئەم زەویانە دروست کردەوە، کەوا زیاتر لە(35)ساڵە بە کشتوکاڵ دەکرا، لە لایەن جووتیارانی بێ دەرەتانی گوندی بەستەسێن، نیەتی کوێخاکان ئاشکرابوو، ویستی خۆیان بەسەر گوندی(قلادە)بەسەر جووتیارانی بەستەسێندا سەپاند و گوندەکەیان چۆڵ کرد وخۆیان دەستیان بەسەر زەویەکانیان گرت.( بۆزیاتر بڕوانە: ڕێگای کوردستان:15:1993)هەرلەم بارەیەوە(کەریم ئەحمەد 1922-2022/4/17) نووسیویەتی: "ماوەیەکە لەنێو پەرلەمان وحکوومەتی هەرێمی کوردستان ولە سەرکردایەتی سیاسی دا، باس وخواسی مەسەلەی جووتیاران لە ئارادایە، لەنێو پەرلەمان وحکوومەتدا، ئاغاکان دەیانەوێت بڕیاری هەڵوەشانەوەی یاسای ژمارە(90)بدرێت وبگەڕێنەوە بۆ سەردەمی پاشایەتی یاخود بۆ یاسای

ژمارە(30) ساڵی(1958)"، هەربۆیە لەوێدا پێشنیاری ئەوەدەکات کە: 1.گەڕانەوی بێ کۆسپ وتەگەرەی جووتیاران بۆ گوندەکانیان.

2. چارەسەرکردنی کێشەی جووتیاران نەك کێشەی کشتوکاڵ.

3. جێبەجێکردنی یاسای ژمارە(90)ی ساڵی (1975)لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا، ئەو ڕووداو وگیروگرفت وپێکدادانەی کە زیاتر لە ساڵێکە لە نێوان ئاغاکان وجووتیارەکان ڕوویان داوە".( ڕێگای کوردستان:33:1992)،ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادیش نووسیویەتی:" کێشەی جووتیارانی پشدەر پێویستی بەچارەسەکردنێکی بنەڕەتی هەیە، خۆدزینەوەی پەرلەمان وحکوومەت وگەڕانەی ئاغاکان دوای تەواوبوونی شەڕی خۆکوژی لەناوچەی پشدەر کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێت.. دواتر دەنووسێت: کێشەی زەوی وزار تا ئێستا لە کوردستان بەتەواوی چارەسەرنەکراوە، بەتایبەتیش لەو شوێنانەی کە دەسەڵات وپەیوەندی دەرەبەگایەتی تێدا مابێ ئەو کێشەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەنێوان ئاغاو جووتیارەکاندا لە ئاڵۆزبووندایە، یاسای ژمارە(90) بۆ چارەسەرکردنی زەوی لە کوردستان سەرباری لایەنە نەرێنییەی، بەڵام تائێستا پێشکەوتووترین ودادپەروەرانەترین یاسایە، کە لەڕووی دیاریکردنی خاوەندارێتییەوە(تحديد الملكية)، کە کێشەی زەوی تێدا چارەسەر کرابێ، لەناوچەی پشدەردا بەهۆی ئەوەی کە ئاغاکان هەر لەسەرەتاوە بەو یاسایە ڕازی نەبوون و(سند التمليك)یان بۆ زەویەکانیان وەرنەگرتووە، خۆدزینەوەی حکوومەت وپەرلەمان وپارتی ویەکێتییش لەکارکردنی تەواو بەیاسای ژمارە(90)یان دەرکردنی یاسایەکی تازە لەچارەسەرکردنی کێشەی زەوی بەهۆی نەڕەنجاندنی ئاغاکان کە دەسەڵاتێکی زۆریان لەڕیزی دوو حزبەکە وپەرلەمانیشدا هەیە سەرچاوەی بەردەوام بوونی ئەو گیروگرفتانەیە لە کوردستان، کە تائێستا ئاغاکان لەدوای تەواو بوونی شەڕی خۆکوژی گەڕاونەوە ناوچەکە ومەترسی سەرلەنوێ ئاڵۆزبوونەوەی کێشەکانی لێ دەکرێت..".(ئاڵای ئازادی:138:1994) هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان بەژمارە(4) وبەرواری (1992/7/29) دەسەڵاتی بە وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری دا کە لیژنەیەکی پسپۆڕ پێك بهێنێت بۆ چاوخشاندنەوە بەو یاسا کشتوکاڵیانەی کەلەکوردستان جێبەجێکراون، بەڵام بەهۆی دانەنانی میکانیزمێك بۆ چۆنێتی جێبەجێکردن ونەبوونی سیاسەتێکی ڕوونی کشتوکاڵی کێشەی زەوی وزار چارەسەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەکرا،(کوردستانی نوێ:1993:303) و گوێ بەهەموو ئەویاداشت و سکاڵایانەی جووتیاران ولیژنـەی سەرپەرشتی جووتیارانی ناوچەکەش نەدرا(ڕێگای کوردستان:1993:61).

بزووتنەوەی جووتیاری لە باشووری کوردستان، بەهۆی ئـەو باکگراونـدە مێژووییـەوە لـە خـەباتی جووتیـاران دژی ئاغـاو دەرەبەگـەکان لـە ڕابـردوودا، وەکـوو ڕاپـەڕینی جووتیـارانی دەشـتی هـەولێر لەسـاڵی 1953، (ڕێگـای کوردسـتان: 1993:45؛ ڕێگـای کوردسـتان:1993:48؛ ڕێگـای کوردسـتان: 1993:49؛ قـادر: ڕاپـەڕینی جووتیـاران:2019: ل24-_37)و ئـەو یاسـایانەی لـە نێـوان سـاڵانی 1958_1991 دەرچوون هاندەرێکی باش بوون بۆ تێکۆشانی جووتیاران وڕاپەڕینـەکانیان، ئـەوەبوو لە ساڵەکانی (1993_ 1994) لە پشدەر وبتوێن وهەندێك شـوێنی تـری کوردسـتان بزووتنەوەیـەکی جووتیاری سەری هەڵدا، بـۆ ڕیکخسـتن وسـەرکردایەتی کردنـی پێویسـت بـوو کۆنگرەیـەك ببەسـترێ وبەرنامە وپەیڕەوی ناوخۆی بۆ بنووسرێت وسەرکردایەتی بۆ هەڵبژێردرێت.( سوورە:هەگبە: ل47).

سەبارەت بە مێژووی دروستکردنی بزووتنەوەی جووتیاران هـەروەك نووسـەرێك دەڵێـت:" سـاڵی 1993 ڕۆژێك لەگەڵ شەهید حەمەڕەش باسی دروستکردنی ڕێکخراوێکی جووتیارانمان کـرد، چەنـد ڕۆژێك دواتر گەڕایەوە لام، وتمان حاجی وسـوو، شـەهید سـوارە بابـەکریان لەگـەڵ بـوو، ڕێککـەوتین جووتیاران لە دەوری ئەم ڕێکخراوە کۆببینەوە، داوایان کرد مـن یاداشـتنامەیەك بنووسم، شـەو بـۆم نووسـین وبـۆ بـەیانی بـۆم خوێندنـەوە، هەرهـەموویان بـەدڵیان بـوو، چەنـد سـەرنجێکیان هـەبوو یاداشتنامەکەم پێ دەوڵەمەندکرد، دواتر ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان وبەرەی کوردستانی لیژنـەی باڵد ویـەکێتی جووتیاران(مەکتـەبی تـەنفیزی) ودامودەزگـا حکوومییـەکانی دەڤەرەکـە وئیـدارەی حزبەکانی ناو بەرەی کوردستانیمان لـە قـەڵادزێ کـرد".(بزووتنـەوەی جووتیـاران: 2021:ل23_24؛ گوڵان:1994:25)، بەڵام ئاغاکان ئەوەیان ڕەت دەکردەوە، کە زەوی جووتیارەکانیان داگیرکردبێـت، و ئەوان پێیان وابوو کە ئەوانەی(سند تمليك)یان نەبوو، گەڕاونەتەوە سەر زەوییەکانیان و چەند حـزب ولایـەنێك پشـتگیریان کـردوون، بۆیـە ئەوانـەی جووتیـار نـەبوون کـە گەڕانـەوە کێشـەیان دروسـت کرد.(گوڵدن:1994:28) جـەخت لـەوە دەکەنـەوە کەلەگـەڵ جووتیـارە ڕاسـتەقینەکاندا هـیچ کێشەیەکیان نییە، هەندێك خاوەن زەوی هەبوو زەوییەکەی تەنیا بەشی ژیانی خـۆی دەکـرد، کـەچی لەو کۆمەڵگەیەدا پێی دەڵێن ئاغا، کێشەکەش لە سێ گونددابوو. (گوڵان:1994:28)

دواتر ئەم لیژنەیە چەند خاڵێکیان وەکوو لیژنەکە پێشکەشی پەرلەمان وحکوومەت و بەرپرسانی ناوچەکە کرد، لەو یاداشتەدا چەند خاڵێکیان دیاری کردبوو، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی جووتیارانی دەڤەرەکە، لەوانە:

1.گەڕاندنەوەی جووتیاران بۆ گوندەکانیان.

2.جێبەجێکردنی یاسای ژمارە(90) ودانەوەی زەوی جووتیارەکان هەتا پەرلەمان یاسایەکی دیکە دەردەکات.

3.کڕین وفرۆشتنی زەوی لەنێو قەڵادزێ بوەستێنرێت هەروەها لە لادێکانیش.

4.دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاران بەیەکسانی.

5.دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بۆ ئەو بەرهەمە کشتوکاڵییەی کەلە ناوچەکەدا ماوەتەوە ونەفرۆشراوە وەکوو توتن وگوڵەبەڕۆژە..هتد.

6.سزادانی هەرکەسێك کە سەرپێچی دەکات.( فەتحی:2021:ل24_28).

بەڵام ئەم یاداشتە لەلایەن پەرلەمان وحکوومەت وەڵام نەدرایەوە، و ئەم لیژنەیەش ڕۆژ بەڕۆژ جووتیاران زیاتر لە دەوری کۆدەبوونەوە، کەڵەکە بوونی کێشەکان وایکرد شەڕ ڕووبدات و جووتیارەکان هێرش بکەنە سەر ئەو گوندانەی ئاغاکان داگیریان کردبوو، ئەوەبوو لەم شەڕەدا (حەمە سوور حەسەن زەردان)کوژرا و جووتیارەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، دواتر ئاغاکان ناچەکەیان جێهێشت و لە دوو کەمپی سەربازی کە یەکێکیان لە(پێلیسکە) و ئەوی تریشیان لە(گۆمان) بوو نیشتەجێ بوون، بەمەش جووتیاران ڕووبەرێکی فراوانی زەویەکانی پشدەریان کەوتە بەردەست، بەڵام دواتر حکوومەت داوای لە هەردوو لایەن کرد، نوێنەری جووتیاران وئاغاکان تا ڕێککەون، ئەوەبوو لە ڕۆژی (1993/6/3) دا ڕێککەوتنێکیان واژۆکرد، پاش ماوەیەك ئاغاکان ڕێککەوتنەکەیان شکاند، جووتیارێکیان کوشت و(3) جووتیاری تریشیان بریندار کرد، بەهۆی چارەسەنەکردنی کێشەکەوە، پاش ماوەیەك دووبارە کێشە وشەڕ لەنێوان جووتیاران وئاغاکان دروست بووەوە.(گوڵان:1994:25)

لە ڕۆژی(1993/7/25)دا لەناوچەی قەڵادزێ شەڕ لەنێوان ئاغاو جووتیارەکان دا بەرپابوو، شەڕەکە (شێنێ وشیوەکەڵ وگۆمەتاڵ وگۆچاڵی) گرتەوە، ئاغاکان لە (قەڵاسێوکە و لوتکەی کورە

تـاوڵ) و جووتیارەکـانیش لەچەنـد قۆڵێکـەوە هـاتبوون، کـە دێکـانی (دێرسـین ودیگـە) بەدەسـت جووتیارەکانەوە بوو.( سەنگاوی:2004 :606)

مەحموود سەنگاوی لە بیرەوەرییەکانیدا باسـی لـەوە کـردووە، کە مەسعود بـارزانی بروسکەی بـۆ کۆمیتــەی ڕێکخســتن ولیژنــەی ناوچــەی قــەڵادزێ ومەڵبەنــدی شەشــی ســۆران ولقــی چــواری وسەرکردایەتی ناوچەی سلێمانی و جەلال تاڵەبانی کردووە، کـە دەبێـت هـەردوولا یـەك هەڵوێستیان هـەبێت وئەوانـەی تاوانبـارن یـان ئـاژاوە دروسـت دەکـەن بیـانگرن وهەیبـەتی حکوومـەتی هـەرێم بسەپێنن.( سەنگاوی: 2004: 606)، بەڵام دیارە بەهۆی قوڵبوونەوەی کێشەکانەوە سەرینەگرتووە.

لـەو شـەڕەدا (حەمـەڕەش مـەحموود حەمـەڕەش) یـەکێك لـە سـەرکردە دیارەکـانی بزووتنـەوەی جووتیاران و (4) جووتیاری تر دەکوژرێن کە ئەمانە بوون:(حەمەدەمین حەمە شوان، عەوڵای حەمـە جاف، بەکر ساڵح-چوارقورنە، عەبدوللای پـورە گـوڵێ) وژمارەیـەکیش برینـدار دەبـن، لەوانە(مـەولان گەرمکان) ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتی جووتیاران، بەمـەش کێشـەی نێـوان جووتیـار وئاغاکـان پـێ نایە قۆناغێکی ترەوە، هەم شکستێکی سەربازی بوو بۆ جووتیاران، لە لایەکی تریشەوە بووبە مایـەی قووڵ بوونەوەی کێشەو گرفتـەکانی نێـوان ئاغـاو جووتیـاران، هـەروەها لـە ناوچـەی چەمچـەماڵیش کێشـەو شـەڕوپێکدادان لـەنێوان جووتیـاران وئاغاکـان دروسـت بـوو، لەبەرئـەوەی حزبـی شـیوعیی وزەحمەتکێشان وەکوو دوو حزبی چەپ خۆیان بە لایەنگرو پشتیوانی جووتیاران لە قەڵەم دەدا، لەم بارەیەوە لە بەیانێکی هاوبەشدا هەڵوێستی خۆیان لەو کێشەیە ڕاگەیاندو تیایدا، دوای ڕاگرتنی شەڕو کارکردن بە یاسای ژمارە(90)دەکات، هەروەك هاتووە:

"ئێمە لە کۆبوونەوەی هاوبەشی ڕێکخستنی هـەردوو حزبـدا لـە(1994/3/21) پـاش لێکۆڵینـەوە وباسکردنی تێروتەسەلی ئەو کێشەیە لەم خاڵانەدا دەخەینەڕوو:

1. ڕاگرتنـی دەسـت بـەجێی شـەڕوپێکدادان وهـێمن کردنـەوەی بـارگرژی ناوچەکـە وڕێگـەگرتن لـە دووبارەبوونەوەی کارەسات.

2. داواکارین لەهەموو لایەن وڕێکخراو وخاوەن هەڵوێستێکی مرۆڤ دۆستانە کە بـەگیانی هاوکـاری وبەرپرسیارییەوە بیر لە چارەسەری ئەو کێشەیە بکەنەوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. داواکارین لە پەرلەمان وحکوومەتی هەرێم ولێپرسراوانی باڵا کە بەزووترین کات لە نزیکەوە لەو مەسەلەیە بکۆڵنەوە وچارەسەری بەپەلەو عادیلانەی بۆ بدۆزنەوە، وەك بەشیك لە کێشەیەکی گرنگ وسەرانسەری ئەویش بە زامن کردنی مافی هەموولایەك کە بەدیدی ئێمە لەپەیرەوکردنی یاسای ژمارە(90)دا خۆ ئەنوێنێ وبۆچارەسەرکردنی کێشەی زەوی وزار لە قۆناغی ئەمڕۆی کوردستاندا، بێتەدی خواستەکانی جووتیاران لەزامن کردنی مافە ڕەواکانیاندا.(ئاڵای ئازادی:115:1994).

جموجۆڵ وچالاکی (لیژنەی سەرپەرشتی جووتیاران) بەردەوام بوو، سەرەڕای هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم و لیژنەی ئاسایی کردنەوە بۆ هێمنکردنەوەی ناوچەی پشدەر، تەنانەت لە(1994/10/20) بە ئامادەبوونی لایەنە سیاسییەکانی ناوچەی پشدەر، لەبەردەمی پارێزگاری سلێمانی وهەموو لایەنە سیاسییەکان ئاگاداری هەموو لایەك کرا کە بەچەکەوە هاتنە ناوشار بۆ هەموو کەسێك قەدەغەیە، بەڵام ئاغاکان بەچەکەوە دێنە ناوشار، بەمەش کێشە دروست دەبێت ولەگەڵ جووتیارەکان ڕووبەڕوو دەبنەوە، دوای گرتنی چەکداری سەر بە ئاغاکان وڕادەستکردنیان بە پۆلیس، وادەکات ئاغاکان چەکدارێکی زۆریان کۆکردبۆوە بۆ هێرشکردنە سەر جووتیارانی قەڵادزێ بۆ بەردانی چەکدارەکان، ئەوەبوو ڕۆژی(1994/11/1) چەند چەکدارێکی سەربە ئاغاکان بەمەبەستی تیرۆرکردنی کەسایەتییە ناسراو وجووتیارەکانی پشدەر لە(بازاڕ)خۆیان دەگەیەننە ناو شاری قەڵادزێ کەلەشەڕی پێشتر دەستدرێژیان کردبووە سەر جووتیاران وبرووبیانوویان پێ دەگرن، دواتریش هەڵدەکوتنە سەر قەڵادزێ وشەڕێکی گەورە بەرپا دەکەن، لە گربداغ هەڵدەکوتنە سەر کۆمەڵێك جووتیار بە چەکەوە جووتیارێك بەناوی(ڕزگار) دەکوژن و(3)جووتیاری تریش بریندار دەکەن، جووتیارەکانیش دێنە دەست و(2) ئاغا دەکوژن و(7)ئاغای تریش بریندار دەکەن، شەڕ لەکاتژمێر (1)ەوە دەست پێدەکات بەهەوڵی لیژنەی ئاسایی کردنەوە سەر لە ئێوارە کۆنترۆڵی شەڕەکە دەکەن.(شەپۆل: گوڵان: 29:1994).

## تەوەرەی دووەم: گەشەکردنی بزووتنەوەی جووتیاران و یەکەمین کۆنفرانسی بزووتنەوەکە

دوای ئەم قۆناغە لە شەڕو پێکدادان، لیژنەی سەرپەرشتی جووتیاران بەهاوکاری چەندین کەسایەتی چەپ و دەستەی ڕاپەڕین، کەوتنەخۆ بۆ زیاتر ڕێکخستن وتووندوتۆڵکردنی ڕیزەکانی جووتیاران لە ڕێکخراوێکی سیاسیی و چەپدا،(چاوپێکەوتن: عەبدولڕەزاق مەرزنگ:2022/5/26: ڕانیە) ئەوەبوو بڕیاردرا کە کۆنفرانس ببەستن، بۆ ئەم مەبەستە لە ڕۆژی(1/29 تا 1995/2/1) لە گوندی( گەرمکان) یەکەمین کۆنفرانس بەسترا، ناوی لیژنەی سەرپەرشتی جووتیاران گۆڕدرا بۆ ( بزووتنەوەی جووتیاران)، دواتر بووبە خاوەن بەرنامە وپەیڕەوی ناوخۆ، بوونە خاوەن دیسپیلین و چوارچێوەیەکی یاسایی وفەرمی، لەم کۆنفرانسەدا (5) کەس بوونە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بزووتنەوەکە، بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانسی یەکەمی بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستان دا بەم شێوەیە پێناسەی بزووتنەوەکەی کردووە:" بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستان کە جووڵانەوەیەکی چینایەتی ونیشتمانی جووتیاران ورەنجدەرانی کوردستانە، کۆنفرانسی یەکەمی خۆی لەژێر دروشمی(زەوی بۆ جووتیار، کار بۆبێکار، سەربەخۆیی بۆ کوردستان) لە(1/29/ تا 1995/2/1) لە گوندی سەربڵندی ئازادکراو لە ستەمی ئاغا لە سنووری پشدەر، لەگوندی(گەرمکان) ی وەك گرکان وقەڵای پیرۆزی چینایەتی دژ بەدەرەبەگایەتی، بەوپەڕی سەرکەوتووانە بە ئەنجام دەگەیەنێ".(پاڵە:1:1995).

لە کۆنفرانسەکەدا دەستەی ڕاپەڕین وچەند ڕێکخراوێکی چەپ ونوێنەری ڕێکخراوی جووتیارێن کوردستانێ ئامادەبوون، کە ماوەی(4)ڕۆژی خایاند و(89) ئەندام کەلەناویاندا(6) ئافرەت بوو، بەشداری کرد. (پاڵە:1:1995)، نوێنەرەکان لە سنووری هەرچوار پارێزگاکان لە سلێمانی(69) ولە هەولێر(11) وکەرکووك(7) ودهۆك(2)کەس هاتبوون، کە لەنێویاندا (54)جووتیار و(2)کرێکارو(14)کاسبکارو(9) فەرمانبەر بوون، بچووکترین تەمەن(18) وگەورەترین(68) ساڵ بوو، کە پلەی زانستیش لە ناویاندا(17)نەخوێندەوار(25)سەرەتایی و(30)ناوەندی و(17)خوێندنی باڵا بوون. (پاڵە:1:1995)، دواتر هەر لەو کۆنفرانسەدا(12)کەس هەڵبژێردران بۆ کۆمیتەی ناوەندی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و(3)کەسیش یەدەگ، پاشان دەستەیەك سەرپەرشتیاری بزووتنەوەکە دەستنیشان کرا.(عەبدولڕەزاق مەرزنگ: دەستنووس).(بڕوانە پاشکۆی ژمارە(1).

بە گوتەی یەکێك لە بەشداربووانی ئەو کۆنفرانسە، بزووتنەوەکە سکرتێری نەبوو،(عەبدولڕەزاق مەرزنگ: ڕانیە: 2022/5/26)، هەر لیژنەیەکی سێ کەسی کە پێکهاتوون لە: (مامۆستا ئەمین مەحموود ، وەتمان حاجی وسوو، مەولان مامە شێخ) بوون، سەرکردایەتییان دەکرد،(عەبدولڕەزاق مەرزنگ: :ڕانیە: 2022/5/26 ؛ حەمەڕەشید ئەحمەد: هەولێر: 2022/3/28).

لە دوای کۆنگرەی یەکەمی بزووتنەوەی جووتیارانەوە گۆڕانکارییەکی چەندایەتی وچۆنایەتی بەسەر بارودۆخی بزووتنەوەکەدا هات، لەڕووی ڕێکخستنەوە خورتر وتۆکمەتر بوو، لە ڕووی کاروباری ڕێکخراوەیشەوە بەردەوام لە هەوڵدا بوو بۆ ڕوونکردنەوەی سیاسەتەکانی خۆی، لەڕووی ڕاگەیاندنیشەوە بێ جگەلەدەرکردنی بڵاوکراوەی(پاڵە)، چەندین یاداشتنامەی جووتیاران بەبەڵگەو بەروارەوە کە ناوبەناو تاوانەکانی ئاغایەتیان تێدا دەخرایە بەرچاوی جەماوەرو حکوومەتی هەرێم ولایەنە سیاسییەکان، وەکوو:

"لە(1995/2/25) ڕوونکردنەوەیەك لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستانەوە خرایەبەردەم جەماوەر وهەموو لایەنە سیاسییەکان دەربارەی زیاتر لە(15)تاوانی ئاغا میراودەلییەکانی جێنیشین لە دوو مۆڵگەی پشدەردا، کە بەکورتی ئەنجامەکانیان بریتی بوو لە کوژرانی (7) جووتیاروبریندارکردنی(22) جووتیارو شکاندنی(5)تراکتۆرو کوشتنی دەیان سەرمەڕوئاژەڵی جووتیاران وفڕاندن وسوکایەتی پێکردن وپارەستاندن لە جووتیاران"(بەڵگەنامە: ژ(4)، لە(1995/12/25) یاداشت نامەیەك لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی بزووتنەوەی جووتیارانەوە درا بە (مام جەلال)و مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی دەربارەی ئەڵغام ڕێژکردنی گوندەکانی سنووری پشدەر. (بڵاوکراوەی ناوخۆیی، ژمارە(2):1995)

هەر لەوماوەیەدا لەڕێگەی بڵاوکراوەی ناوخۆییەوە سیاسەت وتاکتیکی بزووتنەوەی جووتیاران بۆ ئەندام ولایەنگرانی خراوەتەڕوو، بەڵام دەرگیربوونی بزووتنەوەکە بەچەندین کێشەی ناوخۆیی، هەروەك لە بەڵگەنامەیەکی ناوخۆیی بزووتنەوەکەدا سەبارەت بە بارودۆخی ناوخۆیی بزووتنەوەکە هاتووە: " کاروباری ناوخۆ، بەپێی ئەنجامی کۆبوونەوەی (7/20)ی کۆمیتەی ناوەندی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بڵاوکراوەیەکی تایبەتی ناوخۆدا بڕیاری تەجمیدی دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەرکرد، بەڵام ئەو دووبرادەرە تا ئێستا هیچ ئیلتیزامێکیـان بـەو بڕیـارەوە نـەکردووە بەپێچەوانـەوە هـەوڵی لاوازکردن وبەلارێـدا بـردن وپارچـەکردنی بزووتنـەوە دەدەن، لـە کۆبوونـەوەی (8/22)یـش دەسـتەی کـارگێڕی پسوڵەی تایبەتی لە ڕۆژی(8/21) ئاراستەی بەڕێزان ئەندامانی کۆمیتـەی ناوەنـدی( مـەولان، سـوارە، شوانە)کرد بۆ بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە نائاساییە، بەڵام مەخابن ئەوانیش چارەنووسی سیاسـییان بەسـتەوە بـە دوو ئەندامـە تەجمیدەکـە ونەهاتنـە کۆبوونەوەکـە".(بڵـاوکراوەی نـاوخۆیی، ژمارە(2):1995)

هەرلەو ماوەیەدا بەهۆی شەڕی ناوخۆوە فشاری دەسەڵات وئاغاکان لەسـەر بزووتنەکە زیـاتر دەبـوو، ئەمەش وایکرد کە بـەردەوام پەیوەنـدی جووتیـاران وئاغاکـان لـە ناوچەکـەدا خراپتـر ببێـت، و هـەر حزبێکیش هەوڵیدەدا بزووتنەوەکە بەلای خۆیدا ڕابکێشێت.

## تەوەرەی سێهەم/ کاریگەری شەڕی ناوخۆ لەسەر بزووتنەوەی جووتیاران

بزووتنـەوەی جووتیـاران لـە بارودۆخێکـدا دروسـت بـوو، کـە شـەڕی نـاوخۆ لـەنێوان یـەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستاندا هەڵگیرسابوو، هەریەك لەو پارتانەش لەهـەوڵی بەدەستهێنانی لایەنگیری پارت وڕێکخراوەکـانی تـردا بـوون، بـەهۆی ئـەوەی قورسـایی بزووتنـەوەی جووتیارانیش لە ناوچەکەیەك بوو کە لەژێر دەسەڵاتی یەکێتییـدا بـوو، یـەکێتی بەهـەموو شـێوەیەك هەوڵیدەدا بزووتنەوەکە بەلای خۆیدا ڕابکێشـێت، بـەڵام سـەرکردایەتی بزووتنەوەکـە هەوڵیـدەدا بـێ لایەنی خۆی بپارێزێت وتێکەڵی شەڕی ناوخۆ نەبێت، ئەمەش لـەو بارودۆخـەدا قـورس بـوو، چونکە بزووتنەوەکـە چەکـدار بـوو، ناوچەکـەش ناوچەیـەکی لـە ڕووی سیاسـی وسـەربازییەوە هەسـتیار بوو(عەبـدولڕەزاق مـەرزنگ:2022) ، هـەر بۆیـە بزووتنەوەکە کەوتـە ژێـر کاریگـەری شـەڕی نـاوخۆ، ئەمەوجگـەلەوەی ئاغاکـانیش بـەردەوام هـەوڵیان دەدا کۆتـایی بـەو بزووتنەوەیـە بێـت ونـەمێنێت، چونکە بە دوژمنی خۆیان دەزانی وپێیان وابوو بەهێزبوون وچەکدار بوونی بزووتنەوەکە بۆ کۆتـایی هێنانە بەدەسەڵاتی ئەوان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرچەندە عەبدولڕەزاق مەرزنگ باس لەوە دەكات پێشنیاریان بۆ یەكێتیی كردووە كە دووكەس دیاری بكەن لە سەركردایەتی دایدەنێن بۆئەوەی ئاگاداری كۆبوونەوەكانی سەركردایەتی بێت، كەشتێكی نهێنییان نییە دژی ئەو حزبە، بۆ ئەومەبەستە(عەبدوللای مام عەلی)دەكەن بەئەندامی سەركردایەتی، وەكوو نیازپاكی، بەڵام لەو بارودۆخەی شەڕی ناوخۆ كە شەڕی جووتیارو ئاغاكان دەستی پێ دەكرد، ئەو چەكدارانەی یەكێتی دەكشانەوە لە بەرەكان بۆ شەڕەكە، بەرگرییان لە جووتیاران دەكرد(عەبدولڕەزاق مەرزنگ:2022).

ئاغاكان بەتایبەتی لە ناوچەی پشدەر، ژیانیان لە مەترسیدابوو، فشاریان لەسەر یەكێتی دەكرد، تاوەكوو لە بەرامبەر جووتیارەكان بیانپارێزن، ئاغاكان لەكۆیەوە هاتبوونەوە زەویەكان داگیربكەن، هەربۆیە بووبە شەڕ لەگەڵ بزووتنەوەی جووتیاران، لەم شەڕەدا هەندێك لە ئاغاكان گیران وبەڕێیان كردنەوە بۆئەوەی بچنەوە ناوچەكانی خۆیان، بەڵام ئاغاكان ناچنەوە بۆكۆیە ودەچن بۆلای جەلال تاڵەبانی، ئەویش بڕیاردەدات، كۆتایی بەو بارودۆخە بهێنێت(عەبدولڕەزاق مەرزنگ:2022)، ئەوەبوو ماوەیەك دوای ئەوە هێرش كرایە سەر بزووتنەوەكە.

هەر بۆیە بزووتنەوەی جووتیاران هەر لەسەرەتاوە پەیوەندییەكانی لەگەڵ یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان خراپ بوو، هەوڵەكانی یەكێتییش بە ئاراستەی كۆتایی هێنان بوو بەو بزووتنەوە چەكدارییە، چونكە یەكێتی بزووتنەوەكەی بە نەیاری خۆی دەزانی وپێی وابوو بزووتنەوەكە زۆر گەورە بووە ولەوەش دەترسا ببێتە ڕكابەرێك ولە دواییدا نەتوانێت دەستی بەسەرابگرێت،( پاڵە: 1995) هەربۆیە لە بەرەبەیانی ڕۆژی(1995/8/30) ئەمین مەحموود ناسراو بە مامۆستا ئەمین، لە لایەن كۆمەڵێك چەكدارەوە دەرفێنرێت ودواتر بە كوژراوی دەدۆزرێتەوە، لەم بارەیەوە (ڕێگای كوردستان) نووسیویەتی: "لە بەرەبەیانی (1995/8/30) هاوڕێ (ئەمین مەحموود حەمەڕەش) كە ئەندامی لیژنەی ڕانیە وئەندامی سەركردایەتی بزووتنەوەی جووتیارانی كوردستان بوو بەشێوەیەكی زۆر دڕندانە لە ماڵەكەی خۆی لە شارۆچكەی چوارقوڕنە لە لایەن كۆمەڵە چەكدارێكی نەناسراوەوە دەرهێنراو بردرا بۆمەڵبەندی هەشت وسەرلەبەیانی ڕۆژی(1995/8/31) تەرمە پیرۆزەكەی لە نزیك شاری قەڵادزێ دۆزرایەوە وپاشماوەی ئەشكەنجەدانێكی زۆریش بەلەشیەوە دیاربوو" ( ڕێگای كوردستان:117:1995).هەرچەندە كادرانی ئەو بزووتنەوەیە یەكێتییان تۆمەتبار كرد بەو كارە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وفڕاندنی مامۆستا ئەمین وكوشتنی، بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕێگەی سکرتێری حزبی شیوعیی کوردستانەوە نامەیەکی بۆ جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی نارد تاوەکوو مامۆستا ئەمین ڕزگاربکرێت،(کاوە مەحموود: هەولێر: 2023)، بەڵام ئەم هەوڵانە هیچ ئەنجامێکی لێ نەکەوتەوە وا پێ دەچێت پێش گەیشتنی نامەکە (مامۆستا ئەمین) لەدوای فڕاندنی کوژرابێت، دواتر ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ڕوونکردنەوەیەکی مەڵبەندی هەشتی یەکێتی وتیایدا نووسیویەتی: "ڕوونکردنەوەیەك لە مەڵبەندی(8)ی ڕاپەڕینەوە:لەکاتی چارەسەرکردنی کێشەیەکی ئاڵۆزی ناوچەیی لەڕانیە ولە گێژەنگی وشەهیدبوونی 2پێشمەرگەدا، تێکۆشەرێکی حیزبی شیوعیی کوردستان مامۆستا ئەمین لەم ڕۆژانەدا شەهیدکرا، ئێمە وەك مەڵبەندی(8)ی ڕاپەڕینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەداخ وپەژارەوە سەرەخۆشی لەکەس وکاری شەهیدەکان ولە حیزبی شیوعیی کوردستانی هاوپەیمان ئەکەین، ناڕەزایی خۆمان بەرامبەر ئەو کارەساتە وشەهیدکردنی مامۆستا ئەمین وپێشمەرگەکانی یەکێتی دەرئەبڕین "(1080:1995)، دواتر لەڕوونکردنەوەیەکدا بزووتنەوەی جووتیاران ئەم ڕوونکردنەوەی یەکێتییان ڕەتکردەوە وتاوانباریان کردن بە کوشتنی (مامۆستا ئەمین).(بڕوانە: پاڵە:1995: 6)

دواتریش کۆمەڵێك کادری تریان دەستگیردەکرێن،و هەندێکیشیان خۆیان دەشارنەوە و بارودۆخی سیاسی بزووتنەوەکە تووشی شڵەژانێکی زۆر بوو، کارو چالاکییەکانی لاواز بوو یاخود نەما.(مەرزنگ:ڕانیە: 2022).

## تەوەرەی چوارەم/ هەڵوێستی پارت وڕێکخراوە چەپەکانی تر بەرانبەر بزووتنەوەی جووتیاران

### یەکەم: بزووتنەوەی جووتیاران و حزبی شیوعیی کوردستان

حزبی شیوعی وەکوو حزبێکی چەپ هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە بایەخێکی زۆری داوە بە جووتیار وکێشەی زەوی وزار لە عێراقدا، لەدوای ڕاپەڕین و ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە لەدوای کشانەوەی یەکەم کارگێڕییەکانی حکوومەتی عێراقی هاتەکایەوە، بەرەی کوردستانی ئەو بۆشاییە کارگێڕییەی پڕکردەوە و بووبە حوکمڕانی هەموو یەکە کارگێڕییەکانی هەولێر ودهۆك وسلێمانی،

لەدوای هەڵبژاردن وپێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکوومەتی هەرێم ڕووبەڕووی چەندین کێشەی کەڵەکەبووی سەردەمی ڕژێمی پێشوو بووەوە، یەکێك لەو کێشانەی کێشەی زەوی زاربوو(زەکی خەیری:دەربارەی ئیسلاحی زەراعی:1960:72)، وەکوو پێشتر ئاماژەی پێکرا، کادرانی حزبی شیوعی ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لە گرنگیدان بە کێشەی زەوی وزار وجووتیارانی کوردستان بە گشتی(بیری نوێ:1:1973) و لەناوچەکانی پشدەر ورانیە بەتایبەتی، هەربۆیە دەبینین، بەشێکی زۆری کادرانی پێکهێنەری لیژنەی سەرپەرشتی جووتیاران ودواتریش بزووتنەوەی جووتیاران کادری حزبی شیوعی بوون، وەکوو (م.ئەمین وبابەعەلی جەباری و شەپۆل فەتحی کەریم و...هتد)، لەکاتی دروستکردنی بزووتنەوەکەشدا حزبی شیوعی یەکەمین حزب بوو کەلە کۆنگرەکەدا بەشدار بوو(بابە عەلی جەباری: هەولێر: 2022) ڕۆژنامەی(ڕێگای کوردستان)ی زمانحاڵی حزبەکەش مینبەرێکی باش بوو بۆ بڵاوکردنەوەی کێشەوگرفتەکانی زەوی وزار وبزووتنەوەی جووتیاران(ڕێگای کوردستان: 15:1993).

بۆیە دەتوانین بڵێین حزبی شیوعی هەمیشە یارمەتیدەرو پاڵپشتی جووتیاران بوون هەر لە سەرکردایەتیانەوە تا ئەندامەکانیان(مەرزنگ: ڕانیە 2022: )، بەتایبەت بروسکە ناردن وپەیوەندیەکانیان، چونکە بزووتنەوە کەبەرەو گەورە بوون دەچوو دەیان ئەندام ولایەنگریان لەتەواوی کوردستان هەر لەدەشتی کۆیەوە تا چەمچەماڵ وهەولێر هەبوو.(بڵاوکراوەی ناوخۆیی:2:1995) لە بەڵگەنامەیەکی ناوخۆیی بزووتنەوەکەدا هاتووە: "حزبی شیوعی کوردستان(مەکتەبی سیاسی)پێیان وابوو دەبێ لەگەڵ یەکێتی نەرمی نیشان بدەین ودەڵێن هیچ پەیوەندییەکمان بەکاروباری خۆتانەوە نییە، هەروەها یاسای ژمارە(90) گونجاوترین یاسایە بۆ ئەمرۆودەبێ پشتیوانی لێ بکرێ، وتیان پەیمانی(دبلن)زۆر سەرکەوتوو نییە وخاڵێکی دژی(پەکەکە)ی تێدایە، ئومێد دەکەین بزووتنەوەکەتان گەورەببێ بۆ سەرتاسەری کوردستان، هەروەها باسی کۆنگرەی خۆیان وئەنجامەکانی کرد".( ڕێگای کوردستان: 2:1995)

**دووەم/ پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی جووتیاران و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق وەکوو پارتێکی چەپی مارکسی وەکوو پارتێکی چینایەتی کرێکاران و لەسەر ڕێبازی کۆمۆنیزمی کرێکاری دامەزرابوو، لەناو بڵاوکراوە وئەدەبیانی ئەو پارتەدا بەهیچ شێوەیەك باسی مەسەلەی جووتیار وکێشەی زەوی وزار نەکراوە وئاماژەی پێنەکراوە، بەڵام وەکوو تاك هەندێك کادرو هەڵسووڕاویان لەناو بزووتنەوەی جووتیاران چالاك بوون ورۆڵیان هەبوو، وەك (مستەفای حەسەنە گەورە)، کە کادیرێکی بەرجەستە ولێهاتووىحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بوو لەناو بزووتنەوەی جووتیاراندا کاری دەکرد،(عوسمانی حاجی مارف: سلێمانی 2022) بەڵام وەکوو حزب هیچ هەڵوێستێکی دیاری کراویان لەبەرامبەر بزووتنەکەدا نەبوو، کاتێك کە کێشەلە نێوان بزووتنەوەی جووتیاران ویەکێتی دروست بوو، گەیشتە ئاستی هێرشکردنە سەر بزووتنەوەکە وکوژرانی کادیران وگرتنی هەندێك لە سەرکردەکانیانی لێکەوتەوە، حزبی کۆمۆنیست لەرێگەی ڕاگەیەنراوێکەوە سەرکۆنەی ئەو هێرشکردنەی کرد، لە ڕاگەیەنراوەکەی حزبی کۆمۆنیستدا هاتووە: "ناوچەی پشدەر، ماوەی چەند ساڵە ڕۆژانە لەسەر کێشەی زەوی وزار دەبێتە مەیدانی کێشمەکێش وشەڕو پێکدادانی جووتیاران وئاغاکانی ئەو ناوچەیە و بەدرێژایی ئەم ماوەیە چەندین جار کێشمەکێشی ئەم دوولایەنە گەیشتۆتە ئاستی شەڕی چەکدارانە وکوشت وکوشتاریان لەیەك کردووە، ماوەی ئەم چەند ساڵەی حاکمیەتی بزووتنەوەی کوردایەتی، حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان نەك هەر ئامادە نەبوون ڕێگاچارەیەك بۆ ئەم کێشەیە بخەنەڕوو، بەڵکوو هەمیشە بەپێی قازانجی سیاسی وکۆنەپەرستانەی خۆیان دەستیان لەم کێشەیە وەرداوە وپشتی ئاغاکانیان گرتووە.."(بۆ پێشەوە:23:1995) (ڕێبوار ئەحمەد:مەلەکردن:ب2:63_67) لە ڕۆژی(1995/12/28) هەروەها (سامان سەعید) سکرتێری شوورای سەرتاسەری کرێکارانلە یاداشتنامەیەکدا کە ئاڕاستەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کردووە تیایدا سەرکۆنەی هێرشکردنە سەر بزووتنەوەی جووتیارانی کردووە و داوادەکات:" ئەو ئەندامانەی بزووتنەوەی جووتیاران ئازاد بکەن، کە ئەمە ناوەکانیانە، وەتمان حاجی وسوو، مەولان حەمە شێخە، سوار بابەکر، سیڤەر، کۆسار، عومەر، زەرەرو زیانی جووتیاران قەرەبوو بکەنەوە، تا ئەو کاتەی یاسایەکی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەی زەوی وزار لە

کوردستان دادەڕێژرێت کەلەبەرژەوەندی جووتیاراندا بێت، دەبێت رێگا بگیرێت لە ملهوڕی ودەستدرێژی کردنە سەر جووتیاران".(خەباتی کرێکار:4:1996)

دوابەدوای کۆنفرانس وەفدێکی بزووتنەوەی جووتیاران سەردانی حزبە کوردستانییەکانی کرد لەشاری هەولێرو نووسراوی ڕەسمی ئاڕاستەی هەموو حزب وڕێکخراوەکانی کوردستان کرد، کە نیەتی دۆستایەتی وبرایەتی لەگەڵ هەموویاندا هەیەوبە ئەرکێکی نیشتمانی دەزانێت ولە چوارچێوەی ئەم هەوڵانەدا لە قۆناغی یەکەمدا توانیویانە دیدار لەگەڵ ئەم حزبانە بکرێت: ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان *حزبی شیوعی کوردستان، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ، پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستان، پارتی پارێزگارانی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان.(بڵاوکراوەیی ناوخۆیی:2:1995)

پاشان دیدارێکی سێ قۆڵی لە ڕێککەوتی(1995/3/29)کرا لە نێوان (پارتی کارو ڕێکخراوی تێکۆشان وبزووتنەوەی جووتیاران)، بەمەبەستی دروستکردنی بەرەی سەرخۆبوون، ئینجا نوێنەری یەکێتی نەتەوەیی وپارتی کار کەبەرەی سەرخۆبوونیان ڕاگەیاندبوو سەردانی کۆمیتەی ناوەندی بزووتنەوەی جووتیارانیان کرد بۆهەمان مەبەست، جگەلەمانەش نوێنەری دەستەی کارگێڕی لە( 1995/6/2) سەردانی حزبی شیوعیی کوردستانی کردووە ولە(1995/6/3) لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دانیشتنی کردوە وهەروەها لە(1995/7/6) لەگەڵ بەشی پەیوەندییەکانی یەکگرتووی ئیسلامی دیداریان کردوە، هەروا لە(1995/7/22) بەڕێز (عەلی باپیر)سەردانی کۆمیتەی ناوەندیمانی کرد ونوێنەری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیش لە(1995/7/24) سەردانی دەستەی کارگێڕی کردوە.

سێیەم: هەڵوێستی ڕێکخراوە چەپەکانی تر بەرانبەر بزووتنەوەی جووتیاران

سەبارەت بە هەڵوێستی ڕێکخراوە چەپەکانی تر لەبەرانبەر بزووتنەوەی جووتیاران شتێکی ئەوتۆ لەناو سەرچاوە وبەڵگەنامەکاندا نییە، ئەمەش بەهۆی بارودۆخی سیاسی باشووری کوردستان لەو قۆناغەدا، کە شەڕی ناخۆبوو بواری بۆ ڕەخساندنی پەیوەندییەکی ئاسایی لەنێوان ڕێکخراوەکان وبزووتنەوەی جووتیاران نەدابوو، بەڵام لەکاتی لێدانی جووتیاران لەناوچەی پشدەر وکوژرانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(ئـەمین مـەحموود) ئەنـدامی سـەرکردایەتی ئـەو بزووتنەوەیـە، بەیاننامەیـەکی توونـد لـە لایـەن ڕێکخراوەکانی(بێکاران، یەکێتی کرێکارانی کۆمۆنیست، کرێکارانی ئەنتەرناسیۆنالیست، بزووتنەوەی سۆسیالیسـتی ئـازار، گۆڤـاری ئـەدەبی کرێکـاری، کۆمیتـەی بـەرگری لـە دەسـتکەوتەکانی جـەماوەر) لەڕۆژی(1995/9/5) دەردەکەن وپشتگیری خۆیان بۆ بزووتنەوەکە دەردەبڕیوە، نووسـیویانە: "ئێمـە ئیمزاکـەرانی ئـەم بەیاننامەیـە پشـتگیری خۆمـان لـەو بزووتنەوەیـە دەربڕیووەوئـەو پـەلامارە بەهـەر بیانوویەکەوە بێت بەسەرکووتێکی بێ پەردەی ئازادی سیاسی دەدەنێین و لەبەرئەوە خوازیارین:

1. هەرچی زووترە دیل ودەست بەسەراگیراوەکانیان ئازاد بکرێت.
2. لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکهاتوو لە نوێنەرانی بزووتنەوەکە وکەسایەتییە ناسـراوەکانی ناوچەکـە وحیـزب ولایەنـە سیاسـی وڕێکخـراوە جەماوەرییـەکان بـۆ لێکۆڵینـەوە لـەو کـردەوە دژی ئـازادی سیاسییە.
3. بـۆ چارەسـەری کێشـەی زەوی ئێمـە خوازیـاری جێبـەجێ کردنـی یاسـایەکین لـە بەرژەوەنـدی جووتیارانی هەژاری ناوچەکەدا.(خەباتی بێکاران:8:1995)

## تـەوەرەی پێنجـەم: بـارودۆخی بزووتنـەوەی جووتیـاران لـەدوای خـوولی دووەمـی شەڕی ناوخۆوە(1996).

دوای دەسـتگیرکردنی کۆمـەڵێك کـادری پێشـکەوتووی بزووتنەکـە، پـاش ماوەیـەك بـە فشـاری ڕاگەیانـدن ونێوەنـدگیری لایەنـەکانی تـر ئـازاد دەکـرێن، ئـەو کادرانەشـی کەلـە هـەولێر مابوونـەوە، وخۆیـان شـاردبۆوە خۆیـان دەگەیننـە قـەڵادزێ، تـاوەکوو بتـوانن جـارێکی تـر بکەونـەوە خـۆ بۆکاروچالاکیی، بەڵام هەندێك لەم کادرانە ئامادە نابن ودەستبەرداری بزووتنەوەکە دەبن وپەیوەندی بە یەکێتی وپارتییەوە دەکەن.(مەرزنگ:2022:ڕانیە)، حەمەرەشید باس لەوەدەکات، یەك سـاڵ دوای بزووتنەوەی خەریکی خۆ ڕێکخستن بووین، قۆناغی سیی ویەکی ئاب هاتـەپێش، یـەکێتی چووبـووە سنوورەکان، وە لەوێ من پێشنیارێکم بۆ ئەو کادرانە کرد، وە ئەوانەشی کە بەریش بـوون لـە زینـدان، چووین مام جەلالمان لە زەڵێ بینی، پێمانگوت دەرکەوت بزووتنەوەی جووتیاران پیـاوی هـیچ لایـەك نییە، هی کۆمەڵێك خـەڵکی زەحمەتکێشـە، لـە پێنـاو مـاف وداخوازییـە تەبەقییـەکانی خـۆی خـەبات

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەكات، هاتووین یەكێتی ئیعادە نەزەرێك بكات، ویستمان ئیستغلالی ئەو مەوقیفەی یەكێتی بكەین، چونكە یەكێتی مەوقیفی زەعیفە، لە زەڵییە، هێزی نەماوە، بەڵام گوتی: "من ڕێگە نادەم بزووتنەوەی جووتیاران وەكوو ڕێكخراوێكی سیاسی هەبێت، دەتانەوێ حەرەكەی جووتیاری بن، دەتانەوێت بمێنن، وەرن لە شكرێكتان بۆ دەكەمەوە بەناوی لەشكری تایبەتی بزووتنەوەی جووتیارانی كوردستان" (2022:هەولێر).

ئەو كادروهەڵسووڕاوە چالاكانەی لە دوای لێدانی بزووتنەوەی جووتیاران مابوونەوە و لەكۆبوونەوەیەكدا لەرۆژی(1997/2/1) چەند بڕیارێكیان دا بۆ بەردەوامی كارو چالاكیی بزووتنەوەكە، لەوانە: بڕیاریان دا بەردەوام بن لەكاری سیاسی وناوی بزووتنەوەكە وبڵاوكراوەكەشی وەكوو خۆی بەناوی(پاڵە)بمێنێ، هەرچەندە بڕیاردرا بگۆڕدرێت بە(بژار) بەڵام هەر وەك خۆی مایەوە، پاشان بڕیاردرا كە هەرخۆیان بن ولەگەڵ هێزی دیكەدا یەكنەگرن، دواتر لە كۆبوونەوەكەدا ئەوە خرایە بەرباس كە ئەندامانی پێشووی سەركردایەتی مافی شەرعی خۆیان نەماوە لە ئەنجامی تێپەڕبوونی ماوەی دووساڵ زیاتر بەسەر كۆنفرانسی یەكەم، ئەوەبوو بۆ ئەندامانی دەستەی ناوەندی (5)كەس هەڵبژێردران (بزاڤ، م.نوری، باباعەلی، فەرهاد، ڕابەر ڕەشید)، بۆ كاركرد بۆ كۆنفرانس وڕێكخستنەوە وبوژانەوەی ڕیزەكانی بزووتنەوەكە، ئەمە جگەلەوەی كاری ڕێكخستن وڕاگەیاندن دارایی دابەشكرایەوە.(كۆنووسی كۆبوونەوەی سەركردایەتی بزووتنەوەی جووتیاران) دواتر لیژنەی هاوبەشی نێوان بزووتنەوەی جووتیاران وتایبەتمەندی جووتیاران دروست كرا، و لە مانگی ئایاری 1997 بڕیاردرا بەرنامەیەكیش لە ڕادیۆی ئازادی(حشك)ەوە بەناوی بەرنامەی( دەنگی جووتیاران) بڵاوبكرێتەوە، ئەوەبوو یەكەم ئەڵقەی ئەم بەرنامەیە لەڕۆژی(1997/6/28) لە ئامادەكردنی( ڕابەر ڕەشید)بڵاوبكرایەوە.(دەستووسی ڕابەر ڕەشید)، هەرچەندە بەهۆی بارودۆخی سیاسی حزبی شیوعیی كوردستان/عێراق و ڕازی نەبوونی لێپرسراوانی ڕادیۆو هەندێك لە سەركردەكانی حزبی شیوعی لە شێواز وناوەرۆكی بەرنامەكە، جارجار ئەو بەرنامەیە كێشەو گرفتی بۆدروست دەبوو.( نامەی ڕابەر ڕەشید، بۆ دەستەی ناوەندی بزووتنەوەی جووتیارانی كوردستان، لەڕۆژی(1998/3/29).

ئەمەو جگەلەوەی هەندێك كادری تریش پەیوەندییان كردبوو بە پارتییەوە وبارەگایەكیان لە شەقڵاوە كردبووەوە، وئەوانەی پێشتر دەستەی ڕاپەڕین بوون لە شاری هەولێر مابوونەوە، پاش ماوەیەك عەبدولڕەزاق مەرزنگ دەستگیردەكرێت، دواتر بە هۆی حزبی شیوعیەوە ئازاد دەكرێت، دوای ماوەیەك كۆنفرانسێك دەكەن، بەهێنی لە ژێر زەمینەكەی حزبی شیوعی، (50-بۆ60)كەسێك دەبوو، دوورۆژی پێ چوو، لەو كۆنفرانسەدا ئەم دەستەیە بەزۆرینەی دەنگ بڕیار دەدەن كۆتایی بەكاروچالاكیی سیاسی بهێنن،(مەرزنگ:2022:ڕانیە) و دواتریش بەیاننامەیەك دەردەكەن.
لەبەرانبەریشدا گرووپێكی تری بزووتنەوەی جووتیاران لەساڵی 1998 پێیان وابوو زەمەن گۆڕاوە وشەڕی ناوخۆ ڕاوەستاوە، دەبێت ئەو حزبە ئاڵوگۆڕی بەسەر ناوەكەی خۆیدا بهێنێت، بۆئەوەی تەنها گرێدراو نەبێت بە مەسەلەی جووتیارانەوە، چونكە ڕێكخستنێك هاتبووە ناوەوە جووتیار نەبوو، خوێندەوار بوو، مامۆستا بوو، لە (قەسر زەهەبی) لە مانگی هەشت بوو 1998 ناوەكەی كۆنفرانس، ناوەكەی گۆڕی بۆ بزووتنەوەی جووتیاران و چەوساوانی كوردستان، ئەم بزووتنەوەیەش بەردەوام لە خەباتی ڕیكخستن تاوەكوو (1998/11/6) بە ئامادەبوونی (55) نوێنەر لە ئوتێڵ قەسر زەهەبی ناوی خۆی گۆڕی بۆ بزووتنەوەی جووتیاران وچەوساوانی كوردستان( بجچك).(باپیركامەلا:2023:هەولێر).
بەگوتەی دوو ئەندامی بەشدار لەو كۆنفرانسە، باپیر كامەلا، سوارە بابەكر، حەمەڕەشید ئەحمەد، محەمەد خدر، شوان مەحموود، هاوكار مەحموود، كاروخ عوسمان، عەبدوڵلا ڕەسووڵ، قەهار عەبدوڵلا، احمد ابراهیم، بوونە سەركردایەتی ئەو بزووتنەوە نوێیە، كەخۆی بە درێژكراوەی بزووتنەوەی جووتیارانی كوردستان دەزانی.( چاوپێكەوتن لەگەڵ حەمەڕەشید ئەحمەد، هەولێر 2022/3/28 ؛ باپیر كامەلا، هەولێر: 2023/3/7).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجام

لەدووتوێی ئەم توێژینەوەیە دەگەینە ئەم دەرەنجامانەی لای خوارەوە:

1. بزووتنەوەی جووتیاران لە ئەنجامی کێشمەکێش وململانێی نێوان جووتیارو ئاغاکانی کوردستان دروست بوو، کە ئەمەش مێژووییەکی کۆنتری لەم قۆناغە هەیە ودرێژکراوەی ئەو مێژووەیە، بە لەبەرچاوگرتنی زەمینەی سیاسی وئابووری.

2. بارودۆخی ئابووری وسیاسی باشووری کوردستان لەدوای راپەڕینی 1991وە ڕۆڵی گەورەی هەبوو لەسەر پەیدابوونی ئەو نارەزایەتیی وبزووتنەوە جووتیارییە، چونکە لەو قۆناغەدا کشتوکاڵ وچاندنی زەوی کشتوکاڵی ڕۆڵێکی گەورەی بەهۆی ئابلۆقەی ئابووری وگران بوونی نرخی شمەك وکاڵای کشتوکاڵی پەیداکرد.

3. بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستان بزووتنەوەیەکی چینایەتی چەپ بوو، دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاران و باشکردنی بژێوی وژیانی جووتیارانی کردبووە دروشم.

4. ئەم بزووتنەوەیە لە بارودۆخێکدا پێکهات، کە بارودۆخی سیاسی باشووری کوردستان ئاڵۆزبوو، کەوتبووە شەڕێکی ناوخۆیی سەخت لەنێوان زۆربەی حزبە سیاسییەکان، ودواتریش یەکێتی نیشتمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمەش کاریگەری ورەنگدانەوەی هەبوو لەسەر ناوخۆی بزووتنەوەکە وهەنگاوە سیاسییەکانی.

5. بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستان بەهۆی کێشە ناوخۆییەکان وبارودۆخی شەڕی ناوخۆ وکوژرانی سەرکردە دیارەکانی و هێرش وپەلاماری هێزەکانی یەکێتییەوە چالاکییەکانی کەم بووەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان

بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان:

1. بەڵگەنامەی یەکەمین کۆنفرانسی جووتیاران
2.ڕوونکردنەوەیەك لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستانەوە لەڕۆژی(1995/2/25)
3. بڵاوکراوەی ناوخۆیی، ژمارە(2)، کۆمیتەی ناوەندی بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستان لەڕۆژی(1995/8/23).
4. ڕابەر ڕەشید، کۆنووسی کۆبوونەکە، لە خودی نووسەر وەرگیراوە ولای توێژەر پارێزراوە.
5. نامەی ڕابەر ڕەشید، بۆ دەستەی ناوەندی بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستان، لەڕۆژی(1998/3/29).
6. مەحزەری دەستنووسی عەبدولڕەزاق مەرزنگ، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بزووتنەوەی جووتیاران.

**نامەی ماستەر:**

7.دارا تۆفیق کاکە ئەمین، ناوچەی پشدەر لە سەردەمی پاشایەتیدا(1921-1958)، نامەیەی ماستەر، (بڵاونەکراوەیە)، بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین، 2009.

**کتێب ویاداشت:**

1. میراودەلی، ئیبراهیم ئیبراهیم، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی میراودەلی پشدەر، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی، 2003.
2.ڕێبوار ئەحمەد، مەلەکردن بە پێچەوانەی شەپۆل، ب2، بێ شوێنی چاپ، 2017.
3.عەباس نادر قادر، ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر ساڵی1953، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2019.
4. هاوڕێ سوورە، هەگبە هەمەڕەنگەکەم، چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، 2009.
5. شەپۆل فەتحی کەریم، بزووتنەوەی جووتیاران لە نێوان بەرداشی دەسەڵاتداران ودەرەبەگاکاندا، چاپی یەکەم، ئازادی، 2021.
6.مەحمود سەنگاوی، بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2004.

7. زەکی خەیری، ڕاپۆرتێك دەربارەی ئیسلاحی زراعی، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی ئازادی، چاپخانەی الوفاء، بغداد، 1960.

**ڕۆژنامە وگۆڤار:**

1. ڕێگای کوردستان، ژمارە(37)، 1992/12/15.
2. ڕێگای کوردستان، ژ(3)، ساڵی48، کۆتایی نیسانی 1992.
3. کوردستانی نوێ، ژ(303)، 1993/1/29.
4. ڕێگای کوردستان، ژ(43)، ساڵی(48)، 1993/1/19.
5. کوردستانی نوێ، ژ(310)، ساڵی دووەم، 1993/2/7.
6. ڕێگای کوردستان، ژ(33)، ساڵی48، 1992/11/24.
7. هاوڵاتی، ژ(369)، 2007/11/7.
8. ڕێگای کوردستان، ژ(10)ی ساڵی 48، کۆتایی ئابی 1992.
9. ڕێگای کوردستان، ژ(11)، ساڵی 48، سەرەتای ئەیلوولی 1992.
10. ئاوێنە، ژمارە(238)، 2010/8/24.
11. ڕێگای کوردستان، ژ(58)، ساڵی 49، 1993/5/18.
12. ڕێگای کوردستان ژ(68)، 1993/8/3.
13. ژمارە(1)،ساڵی یەکەم، 1993/5/30.
14. ڕێگای کوردستان، ژ(66)، ساڵی 49، 1993/7/20.
15. ڕێگای کوردستان، ژ(15)ساڵی(48)، کۆتایی تشرینی یەکەمی 1993.
16. ئاڵای ئازادی، ژ(138)، 1994/9/11.
17. کوردستانی نوێ، ژ(303)، ساڵی دووەم، 1993/1/29.
18. ڕێگای کوردستان، ژ(61)، 1993/6/15.
19. کوردستان، ژ(45)، ساڵی 48، 1993/2/9.
20. گوڵان (ڕۆژنامە)، ژ(25)، 6تشرینی یەکەم 1994.
21. گوڵان(ڕۆژنامە)، ژ(28)، 27تشرینی یەکەم 1994.
22. گوڵان (ڕۆژنامە)، ژ(25)، 6تشرینی یەکەم 1994.
23. ئاڵای ئازادی، ژمارە(115)، 1994/3/27.

24. گوڵان (ڕۆژنامە)، ژ(29)، 3تشرینی دووەم، 1994.
25. پاڵە، ژ(4)، حوزەیرانی 1995.
26. پاڵە، ژ(1)، ئازاری 1995.
27. پاڵە، ژ(6)، ئاب وئەیلوولی، 1995.
28. ڕێگای کوردستان، ژ(117)، ساڵی (51)، 1995/9/5.
29. کوردستانی نوێ، ژ(1080)، ساڵی چوارەم، 1995/9/6.
30. بیری نوێ، ساڵی یەکەم، 1973/2/20،ل1.
31. بۆ پێشەوە، ژمارە(23)، 27ی ئەیلوولی 1995.
32. خەباتی کرێکار، ژ(4)، کۆتایی کانوونی دووەمی 1996.
33. خەباتی بێکاران، ژ(8)، تشرینی دووەم،1995.

**گۆڤار:**


کۆمەڵە(گۆڤار)، ژمارە(4)، نیسانی 1982.

**چاوپێکەوتن:**

1.بابەعلی جەباری، 2022/10/1، هەولێر.
2.ڕابەر ڕەشید، 2022/5/7، پردێ.
3.باپیر کامەلا ، 2023/3/7، هەولێر.
4.حەمەڕەشید ئەحمەد حەمەڕەش، 2022/3/28، هەولێر.
5.کاکە جوان، لەڕێگەی تەلەفۆنەوە. پشدەر.
6.کاوە مەحموود، 2023/6/25، هەولێر.
7.عەبدولڕەزاق مەرزنگ، 2023/5/26، هەولێر.
8.عوسمانی حاجی مارف، 2022/8/14، سلێمانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵگە نامەی ژمارە(1)



بەرنامەی
بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستان
پێشنیارکراو
بۆ کۆنفرانسی یەکەم

تشرینی یەکەمی
١٩٩٤

# پرۆگرام

کوردستان وڵاتێکی داگیرو دابەشکراوە، کوردیش وەك نەتەوەیەك لەو خاکەدا بە ئەنقەست و بە مەبەست بواری بۆ نەدراوە و بە دواکەوتویی و سەرکوتکراوی ماوەتەوە. تا ئێستا خاوەنی قەوارەی نەتەوەیی وەك دەوڵەتی سەر بەخۆ نیە، دەتوانین بڵێین کوردستانیش بە پێوانەی باری ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری چووەتە قۆناغی سەرمایەداری پاشکۆی ناوەندەکانی داگیرکەرانەوە. بەلام هێشتا رەوشت و داب و ئاکاری کۆمەلایەتی و تەرزی بەرهەم هێنان لە هەندێ جێگا بە شێوەی دەرەبەگایەتی ماوەتەوە. داگیرکەران و ئیمپریالیزم هەرگیز لەگەل گۆران و پێشخستن و بە تەکنیك کردنی کوردستان نەبوون و نابن. تەنها وەك سەرچاوەی سروشتیەکانی نەوت و مادە کانزاکان و هێزی کارو بازاری فرۆشتن سودیان لێ وەرگرتوە.

بە پێچەوانەوە هاندەرو پشتیوانی دەرەبەگایەتی بوون بۆ بەکارهێنانیان دژی خواستی گەلەکەمان و شۆرش و راپەرینەکانی، تاوەکو هەربە دواکەوتویی و پابەندی بنکە ئابوریەکانی ناوەندەکانی داگیرکەران بمێنێتەوە.

راپەرینی شکۆداری جەماوەر کە هەموو چین و توێژەکان بەشداریان تێداکرد لە بەهاری ١٩٩١ لەلایەك و تێکرای گۆرانکاریەکانی رۆژهەلات و جیهان لە لایەکی دیکەوە هەلومەرجێکی تازەیان رەخساند بەشێکی زۆرلە خاکی باشوری کوردستان لە بن چەنگی داگیرکەرهاتە دەرێ. پاشان پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دامەزرا. ئاسۆیەکی نوی لەبەردەم کۆمەلانی زەحمەتکێش و ئازاردیدەی کوردستان کرایەوە.

جوتیاران کە چینێکی بەرفراوانی ماندو و رەنجدەری کوردستانن، لە مێژوویەکی کۆنەوە لە جوڵان و ململانێ دان لە پێناوی داچاندنی پارچە زەویەك کە بژێوی ژیانی خێزانەکەی دابین بکات و بە دڵنیایی وسە ربەستی لە خانویەکی سادەو ساکاردا بە ئارامی بژیت. بەڵام مخابن هەمیشە سەرکوت کراوەو مافەکانی زەوت کراوە و لەلایەن دوژمنانی نەتەوەکەمان و ئاغا و دەرەبەگە چەوسێنەرەکانی ناوخۆ. بۆی وا بوو ئیدی راپەرین کۆتایی بەو ژیانە پرمەینەتیەی چەندان سەدەیە پێوەی دەناڵێنێ دەهێنێ. بۆیە بە پەرۆشەوە بەرەو هەواری شیرین و زێدی باب و باپیرانیان گەرانەوەو کەوتنە ئاوەدان کردنەوەی کوردستان بۆ ئەوەی چاوەرێی یارمەتی و هاوکاری کەس بکەن.

وەلێ ئاغاو چەوسێنەرانی زەمانە بە پاڵپشتی هێزو جبەخانە لە هەمبەری خواست و ئاواتی جوتیاران وەستان و گەورەترین کێشەی ئاوەدانی و ئاژاوەی عەشایەری و پشێوی کۆمەلایەتی و نائارامی سیاسیان بە ختو خۆرایی تەنها لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەرپا کرد. جوتیارانیش پەنایان بردە بەر (بەرەی کوردستانی) و پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و یاساو رێ و رەسمی حکومی و بارەگای حزبەکان و یەکێتی جوتیاران و وەزارەتی کشتوکاڵ. بەلام هیچ دادی نەدان و بێ چارەو بێ ئاکام مایەوە و زولم و زۆرداری و هەرەشەی ئاغا داگیرکەرەکانیش هەر زیادی دەکرد و سێلاوی دێنا.

بەم شێوەیەی سەرەوە و لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە (بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستان) لە نێو دەریای ستەم و ئازارەکانی هەزاران کەسەوە بە چەك و توانای زاتی خۆیانەوە سەری بە دەرنا. بۆ رەواندنەوەی تەمی چەوساندنەوەو کۆنەپەرستان لە سەرکێڵگەو پێدەشتی کوردستان و دڵی پرکوێرەوەری جوتیاران:

١ – جوتیاران راستەوخۆ لەلایەن ئاغاو دەرەبەگە مولکدارە زۆردارەکان دەچەوسێنەوە.
٢ – سیاسەتی داگیرکەران لە تێکدانی شیرازەی کۆمەل و خاپورکردنی گوند و شارەکان تاوەکو بە ئاسانی راویان بکات.
٣ – رژێمی فاشی عێراق هەریاسایەکی کشتوکاڵی دەری دەکرد بە پێی بەرژەوەندی سیاسی داگیرکەرانەی خۆی و بە پێی نەخشەی تایبەتی جێبەجێی دەکرد.
٤ – چەواشەکردنی مەسەلەی خواست و چینایەتی جوتیاران لەلایەن حزبە کوردستانیەکانەوە.
٥ – داگیرکردنی زەوی و گوندەکان و بوژاندنەوەی کێشەی عەشایەری لەلایەن ئاغاو دەرەبەگەکانەوە، چونکە دیموکراسی بە ئازادی چەوساندنەوە و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ تێ دەگەن.
٦ – بێچارەیی و بێ توانایی حکومەتی هەرێم لە بەرامبەر جێبەجێ کردنی یاسا و کێشە جۆراو جۆرەکانی کوردستان.
٧ – بێ پشتیوانی جوتیاران لە لایەنی سیاسی وکومەلایەتی و ئابوریەوە.
٨ – ململانێی حزبەکان لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی.
٩ – یەکێتی جوتیاران دروسکراوی حزبەکانە و ناتوانی گوزارە لە خواست و ئامانجەکانی جوتیاران و بەرگری لە ماف و داواکاریەکانیان بکات.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەڵگەنامەی ژمارە( 2 )

١/

لە ڕۆژانی ٢٩، ٣٠، ٣١ مانگی کانونی دووەم و ١ / ٢ / ١٩٩٥ کە دەکاتە
(٤) ڕۆژ کۆنفرانسی دامەزراندنی بزووتنەوەی جوتیارانی کوردستان دەستی پێکرد.
بێ گیروگرفتی دابەشبوون و ساردبوونەوە کۆتایی هات، دوانزە ئەندامی کۆمیتەی
ناوەندی و (٣) احتیاط هەڵبژێردران. لە ڕۆژی چوارەم پاشنیوەڕۆ بەسەر کرا و ئەقەی
خۆشی ڕاگەیەنرا و ئەندامەکان بۆ جێگاکانی خۆیان بەڕێکەوتن،
١٨/ ٢ یەکەم ڕۆژی دانیشتنی کۆمیتەی ناوەندی بوو لە چوارقورنە،
(٣) ئەندام دواکەوتبوون (زرهێر و بابا علی) کە یەکەمیان دهۆک و دووەمیان چەمچەماڵ بوو،
باقی هەموو ئەندامەکانی ترکە بە احتیاطەوە هاتبوون، کێشە لەسەر ئەوە بوو کە
دوو ئەندام وەکو یەک (٤٥) دەنگیان هێنابوو، پێویست بوو یەکێک لەوانە
ئەندامی ناوەندی بێ و یەکێکیان احتیاط ئەوە یەکلاکردنەوەی دەویست،
چارەیێک نەکرا ئەو دوو ئەندامەی دواکەوتبوون بێن دەست بە کارەکان کرا،
لەو دوو احتیاط یەکێکیان بوو ئەندام، بەڵام هەرسێ احتیاطەکە نەچوونە
دەرەوە، بە بۆچی ئەوان و لایەنگری چەند ئەندامێکی دیکە گوایە دەبێ
هەموویان پێکەوە بە بەشداری کۆبوونەوەکان بن. چونکە خبرەی سیاسی و
ئەزموونیان نە بوو. ئەوانی دیکەشی پێ دەنگ بوون. تەنها هەڤاڵ
(عبدالرزاق و کاکە ڕەش) دەیانگوت بە هیچ شێوەیەک احتیاط بەشداری کۆبوونەوەی
ناوەندی ناکات. ئەگەر بگرێتە ناوەندیش دەبێ کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری
لەسەر بدات. ئەوەشی لە کاتێکدا بۆشایی لە کۆمیتەی ناوەندی پەیدا دەبێت.
بە مردن، یا شەهید بوون، یا وازهێنان کە وەرگرتن لە ... هتد هەروەها دەبێ
هەر جارێ ئەندامێک بگرێتە ناوەندی.
ئەو برادەرە احتیاطانە و هەندێکی دیکەش وایان دەزانی ئەو دوو هەڤاڵە
لە خۆڕا ڕێگای احتیاطەکان دەگرن. یاخود مەبەستی زاتی و شتی دیکەیان هەیە.
ئەو بابەتە لە هیچ لاوە نەخرا بەرباس هێشترایەوە بۆ دوای کۆبوونەوەکە
پاشان پێچلێنی پرسیار لە کەسانی شارەزا و خاوەن خبرە بکرێن بزانین چۆنە،
بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمان و باسکردنە ئەو سێ احتیاطە وەکو ئەندامەکانی دیکە
لە کۆبوونەوە بەشدار بوون و مافی دەنگدان و هەڵبژاردنیان بۆ پەیدا بوو!! بێ ئەوەی
دوو ئەندامی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی موجود بن،
دەستەکانی کارگێڕی و کاروباری کۆمەڵایەتی و سکرتێری و ڕاگەیاندن و دارایی و
ڕێکخستن پێک هات. کۆمەڵێ بڕیاری ناوخۆیی دەرکرا. سەرنجیشمان
زۆر توش بوو کێشە و گرفتی لە نێوان لکی مەعان و ... کاروباریدا پەیدا بوو، مامۆستا ئەمین
لالوت بوو لەسەر دەستەی بەشی ڕێکخستن کە بە بڕی هەڤاڵان (صادق بابکرت) کە گوتنی PKK ی کێ
دەگرتە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


زەوی بۆ جوتیار
کار بۆ بێکار
سەربەخۆیی بۆ کوردستان

# پاڵە

بڵاوکراوەیەکی سیاسییە «بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستان» دەری دەکات

ئازاری ١٩٩٥ ژمارە (١) (٨) لاپەڕەیە

## بەڵاغی کۆتایی کۆنفرانسی یەکەمی بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستان

لە بارودۆخێکی ئاڵۆز و نالەباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان، لەکاتێکدا نائومێدی و مەینەت بە هۆی لەشکرکێشی شەڕی براکوژی بەرامبەر یەکتری لەسەرتاسەری کوردستان و شەڕی وێرانەو ناڕەوای خۆکوژی. لەسەر دڵی جەماوەری گەلەکەمان دابارێوە. نەخشەی ئاوەدانی و بەرەسەندنی ئابووری و کشتوکاڵ و ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپەلو پۆ کەوتوە. (بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستان) کە جولانەوەیەکی چینایەتی و نیشتمانی جوتیاران و رەنجدەرانی کوردستانە، کۆنفرانسی یەکەمی خۆی لە ژێر دروشمی (زەوی بۆ جوتیار، کار بۆ بێکار، سەربەخۆیی بۆ کوردستان) لە ٢٩/١ تا ١/٢/١٩٩٥ لە گوندی سەربڵندی ئازادکراو لە ستەمی ئاغا لە سنووری پشدەر، لە گوندی (گەرمکان)ی وەک گرکان و قەڵای پیرۆزی چینایەتی دژ بە دەرەبەگایەتی، بەوپەڕی سەرکەوتوانە بە ئەنجام دەگەیەنین.

بەم بۆنەیەوە بزوتنەوەی جوتیاران مژدە دەدا بە جوتیارانی هەژار و بەلەنگازی باشووری کوردستان کەوا پشت و پەنایان بۆ پەیدا بوو، مژدە دەدا بە شەهیدەکانی کە رەنجی خەباتیان بەری گرت. ئیتر لەمەودوا راپەڕین و تێکۆشانیان بە فیڕۆ ناچێت و بە هێزی بەرفراوانی یەکگرتوی رێکخستوی خۆیان مافەکانیان لەپاڕێزرێ و ئاواتیان دێتە دی. لە هەمان کاتیشدا بانگی تەواوی جوتیاران و زەحمەتکێشان و کەسانی شۆڕشگێڕ وتێکۆشەر دەکات لە هەرجێگایەک هەن لە دەوری بزوتنەوەکەتان کۆ ببنەوەو ئاڵای رزگاری چینایەتی و سەربەخۆیی نیشتمان بەرز بکەنەوە.

شایانی باسە ئەو کۆنفرانسە بە هاوبەشی تێکۆشەرانی (بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستان) و (دەستەی راپەڕین) کە رێکخراوێکی چەپی کوردستانیە و میوانداریەتی راستەوخۆی

بۆ ل٧

## پروسکەهاوارێك لە کۆنفرانسی جوتیارانەوە

بەڕێزان مام جلال طالەبانی
کاك مەسعود بارزانی
مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان
مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

لە نێو دۆخێکی ئاڵۆزو قەیراناوی کوردستان، لە کاتێکدا تەواوی گەلی کوردستان لە سای شەڕی ناڕەوای خۆکوژی و خوێنی بە ناهەق رژاوی لاوەکان پەست و بەزارن. وا لە نێوەندی کۆنفرانسی یەکەمی جوتیارانەوە هاواری ئەوە بەرز دەکەینەوە کە بەسە واز بهێنن لەو نەخۆشیە بەدناوە زراوەی ناو مێژوی کوردان بەسە با چیدیکە ژنان بێوەژن نەبن، منداڵان هەتیو نەبن، ماڵ سەرگەردان نەبن، وڵات کاول نەبێت.

ئایا بە چ هەقێك داهات و ئابووری کوردستان لە جیاتی ئاوەدانی و تێرکردنی سکی برسی زیاتر لە سێ ملیۆن کەس لەشەڕو کوشتاری پاوانکاری سیاسی و دابەشکردنەوەی دووبارەی باشووری کوردستان سەرف ببێت، چۆن دەکرێ دەسکەوتەکانی خوێنی شەهیدان و شۆڕش و راپەڕین بۆ خاتری حزبایەتی و رق و کینەی نابەجێی دواکەوتوانە لە بار بچێت. چ تاوانێکە بەم کارانە کە سۆزی جەماوەر بەرەو ئەو بەعسە نەگریسە بگەڕێتەوە.

بەسە بەسە چیدیکە نەفرەت و تاوانی مێژوو لەسەر خۆتان مەکەنە ماڵ. چونکە مێژومان تەحەمولی ئەوکردار و یەکترکوژیەی نەماوە و میللەتیش خۆی بۆ ئەو بێزاری و ناڕەزاییە رانیاگرێت.

## نیگایەك بۆ سەر کۆنفرانس

جوتیاران دەمێکە راپەڕینی چینایەتیان بەرپا کردوە زۆر لە مێژە ئەو ململانێ بە بەرەی دەرەبەگایەتی دا بەردەوامە بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە تا ئێستا ئەو رابوون و بەرەنگاریانە نەچونەتە نێو قاڵبی رێکخستن و بەرنامەی سیاسی و گرێدانی بە رەوتی تێکۆشانی کرێکاران و پرۆسەی شۆڕشگێری جیهانیەوە. بۆیە دەبینین زۆربەی ئەو راپەڕینانە لە سنووری ناوچەیی دەرنەچون و ئامانجە سەرەتاییەکانیشیان بە تەواوی نەپێکاوە.

بەڵام ئەمجارەیان جیاوازیەکی تەواوی لەگەڵ شێوازەکانی پێشو هەیە، هەروەکو سەرەتا دوای گەڕانەوەی شاڕۆچکەو گوندەکان و تەقینەوەی کێشە کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکان بە تایبەتی لە سنووری پشدەر و بیتوێن و بەری کۆسرەت و چەمچەماڵ و ئاکرێ کە هۆیەکانی پتر دەگەڕێتەوە بۆ پاشماوەی سیاسەتەکانی رژێمی داگیرکەر و یاسا تایبەتیەکانی حکومەتی عێراقی و بێ توانایی و بەرەڵایی ئیداری و سیاسی و کۆمەڵایەتی حوکمی بەرەی کوردستانی و حکومەتی هەرێمی فیدراڵ.

جوتیارانی بەشمەینەتی بێ دەرەتان بە جیاوازی بیر و بۆچون و حزبایەتیان تێکڕا بە ماڵ و چەك و توانای زاتی خۆیان کەوتنە هەمبەری یەکسەنگەری بەرامبەر ئاغا زۆردارەکان و جوانترین بەرەنگاری چینایەتی پیرۆزیان نەخشاند. بەڵام هەڵبەجێ ئەو یەکگرتن و یەکدەنگیە

بۆ ل٦

بڵاوکراوەی(پاڵە) بڵاوکراوەیەکی سیاسی بوو، ب.ج دەری دەکرد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەڵگەنامەی ژمارە(4)

بەیانێك لە بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستانەوە
لەسەر دەست درێژیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

مەکتەبی سیاسی ( ٧ ) حزبە کوردستانیە بەڕێزەکان ..
مەکتەبی سیاسی ( ٨ ) حزب و ڕێکخراوە بەڕێزەکان ..
پارت و حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی دیکەی کوردستان و عێراق .
حزبە کوردستانیە تیکۆشەرەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان .

بە داخێکی زۆرەوە ئەم هەواڵەی خوارەوەتان پێ ڕادەگەیەنین کە : (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بێ هیچ هۆیەکی سیاسی و گرفتێکی دیاریکراو شالاوی عەسکەری هێناوەتە سەر (بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستان) و کەوتۆتە گرتنی ئەندامانی سەرکردایەتی و ئازاردان و هەڕەشە و پێش گرتن لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی کادیرو جوتیارە خەباتگێڕەکانی کوردستان و هێرش کردن بۆ سەر گوندە جوتیار نشینەکان و گێڕانەوەی ئاغاکان بۆ سەر سینگی جوتیاران .

ئەوەتا لە ڕۆژی (٢٨ / ئاب / ١٩٩٥ )وە دەستی بە هێرشی عەسکەری کردوەو پەلاماری گوندە جوتیاریەکانی سنوری پشدەرو بناری ئاسۆسی داوەو جگە لەمەش بە هێزێکی زۆرەوە چوەتە سەر ماڵی ئەندامی دەستەی کارگێڕی بزوتنەوەی جوتیاران (مامۆستا أمین ) لە چوارقورنەو بوەتە هۆی دروستبونی تەقەو بەکوشتدانی جوتیار و هەژار بە دەستی یەکتری و لەو نێوانەدا سەد حەیف چەند کەسێك لە هەردوو لا شەهید بوون .
لە کاتێکدا بزوتنەوەی جوتیاران هیچ مەقەرو بنکەیەکی دیاریکراوی لە هەموو کوردستاندا نیەو لە ماڵی خۆیانەوە لە نێو گوندو شارو شارۆچکەکان تێکەڵاو لەگەڵ میللەتەکەیان دەژین . سەرەڕای ئەوەش ( یەکێتی ) خۆی پێ ڕانەگیراوەو بێ لێکدانەوە لە ڕەنگدانەوەی دوا ئەنجامی سلبیانەی ئەو جۆرە کارانە هەڵیان کوتاوەتە سەر گوندەکان و گەمارۆو ناو ماڵ و ژن و منداڵی جوتیاران .

بە پێچەوانەوە لە ١٣/ ٨/١٩٩٥ لەگەڵ پەیوەندیە نیشتمانیەکانی یەکێتی لە هەولێر دانیشتنی دوو قوڵیان کردوە زۆر بە شێوەیەکی ئاسایی و برایانە باسی بارو دۆخی کوردستان و کێشەو بێشەکان کراوە وەفدی یەکێتی ئەوپەڕی ڕێزو دۆستایەتی نیشان داوەو هەواڵی ئەو پەیوەندی و دیدارەش لە (کوردستانی نوێ )و ڕادیوکان و چەندان جار لە سنوری مەڵبەندی (٨)ی ڕانیە بڵاوکراوەتەوە . کەچی زۆرمان پێ سەیر بوو لەپڕ ئەو هەڵوێستە دژوارە بێ پێشەکی و ئاگاداریەك بە شێوەیەکی چەکدارانە هاتە سەرمان . کە بەهیچ شێوەیەك خزمەتی دۆستایەتی و شۆڕش و بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان ناکات و سودی دوژمنانی تێدا دێتە دی بەتایبەتی کە برینی جەستەی زاماری باشوری کوردستان هێشتا بە ئازاری شەڕی براکوژیەوە سارێژ نەبوەو بەردەوام دەچوزێتەوە .

سەرەتا داوا لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەین واز لەو کارە نادروستە بهێنێ کە بە ئاگرو ئاسن و کوشتن و شێوازی چەکدارانە بزوتنەوەی جوتیاران بتۆقێنێ و بەرەو خەندەقی دژایەتی و شەڕی بێ هودەو لابەلای پاڵ پێوە بنێ . هەروا جوتیارانی کوردستانیش لە خەبات و بزاڤی سیاسی خۆیان دژی دەرەبەگایەتی بێ هیواو سارد بکاتەوە .کەئەوەش بە تەواوی دژی ئازادی سیاسی و مافی مرۆڤەو پێچەوانەی بیری سۆشیال دیموکراتی خۆشیاتە . لە هەمان کاتیشدا یەکێتی بەرپرسیار دەکەین لە پاراستنی گیانی ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیرەکانی کە بەدیل گیراون، لە کاتێکدا بڕوایان بەو جۆرە شەڕانە نەبوەو نیە .

ئینجا داوا لە گشت حزب و لایەنە کوردستانیە بەڕێزەکان دەکەین لەو شالاوە عەسکەریتاریەی یەکێتی بە دەنگ بێن و کاری کوشتن و گرتن و تیرۆر ڕیسوا بکەن و هەڵوێست لەو ڕوداوە وەربگرن .
بانگی هەموو جوتیارانی کوردستانیش دەکەین دەنگی ناڕەزایی و بێزاری بەرامبەر ئەو کارە نادروستەی یەکێتی دەربڕن و بواری ئەوە نەدەن مەشخەڵی خەباتی پیرۆزی چینایەتی جوتیاران و سەربەخۆیی کوردستان کز و خامۆش ببێ .

کۆمیتەی ناوەندی
بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستان
١٩٩٥ / ٨ / ٣١

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Movement Peasants of Kurdistan (1995 – 1998)

**Zhelwan Abdullah Ahmed**
Department of Accounting, Dukan Technical Institute, Sulaymaniyah Polytechnic University, Sulaymaniyah, Kurdistan Region Iraq.
Email: zhelwanabdullah@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Amanj Hasan Ahmed**
Department of History, College of Humanities, Sulaymaniyah, Kurdistan Region Iraq.
Email: Amanj.ahmed@univsul.edu.iq

***Keywords:*** *The Kurdistan farmers, uprising, first conference, Movement, garmkan*

## Abstract

The Kurdistan farmers Movement (1995-1998) was one of the organizations that was formed after the uprising in South Kurdistan, our research has determined the first conference, which describes how the movement was formed and its activities, its role in the Kurdistan Regional civil war and its relationship with the political parties, later on we discussed the end of the farmers Movement and later re-created and changed its name in 1998.

The research consists of several topics, as follows:

**The first topic:** we discussed the beginnings of the farmers movement and the efforts made by the farmers' supervisory committee.

**The second topic:** In this topic we have discussed the first conference of the movement and its activities.

**The third topic:** the impact of the civil war on the movement and the attack on the movement.

**Fourth topic:** In this topic we have briefly discussed the position of other parties towards the farmers movement and their position towards the movement.

**The fifth topic:** a brief discussion of the problems and conflicts within the movement and the end of the movement's activities and efforts to revive the movement.
At the end, we present the conclusions and documents we relied on in the study, followed by a list of sources we used, and some interviews.

## حركة الفلاحين الكردستانيين (1995-1998)

ملخص:
كانت حركة الفلاحين الكردستانيين (1995-1998) إحدى المنظمات التي تشكلت بعد الانتفاضة في جنوب كردستان، وقد حدد بحثنا المؤتمر الأول الذي يصف كيفية تشكيل الحركة وأنشطتها، ودورها في الحياة المدنية لإقليم كردستان الحرب وعلاقتها بالأحزاب السياسية، ناقشنا فيما بعد نهاية حركة الفلاحين ثم إعادة إنشائها وتغيير اسمها في عام 1998.
يتكون البحث من عدة مباحث، على النحو التالي:
المبحث الأول: تناولنا بدايات حركة الفلاحين والجهود التي قامت بها لجنة الإشراف على الفلاحين.
المبحث الثاني: تناولنا في هذا الموضوع المؤتمر الأول للحركة ونشاطاته.
المبحث الثالث: أثر الحرب الأهلية على الحركة والهجوم على الحركة.
المبحث الرابع: تناولنا في هذا الموضوع بإيجاز موقف الأطراف الأخرى من حركة الفلاحين وموقفهم منها.
المبحث الخامس: مناقشة مختصرة للمشاكل والصراعات داخل الحركة وانتهاء بأنشطة الحركة وجهودها لإحياء الحركة.
وفي النهاية نعرض الاستنتاجات والوثائق التي اعتمدنا عليها في الدراسة، تليها قائمة المصادر التي اعتمدنا عليها، وبعض المقابلات.